# (ئەلەپەشە... ناوێك لەمێژوودا)

## سوپاس بۆ...

__ هەموو ئەو بەڕێزانـەی کـە چـاوپێکەوتنمان لەگـەڵ کـردن و لێبڕاوانـە و دڵسـۆزانە و راسـگۆیانە، هاوکارمان بوون لەخستنە ڕووی زانیاریەکانیاندا.

__ بەڕێز (مامۆستا ئەمین قادر) کە هاوکارمان بوو لەدەسنیشان کردنی خۆشەویست (بـەختیار ئـەبو بەکر ڕەحیم/ زەمانی) کە ئەویش ئەرکی کێشان و نەخشاندنی وێنە هێماییەکەی (ئەلەپەشە) ی گرتـە ئەستۆ و سوپاسی تایبەتیش بۆ بەڕێزی.

__ بەڕێز (حەبیب ئـەمین میکـە) بـرازای مـن و کـوڕەزازای (ئەلەپەشـە) کـە لـە زۆربـەی سـەردان و چـاوپێکەوتنەکاندا هـاوڕێم بـوە و لەپەیوەنـدی کـردن بـە زۆربـەی کەسـایەتیەکانەوە و تۆمـار کردنـی زانیاریە زارەکیەکانی کەسایەتیەکان و گرتنی هەندێك لە وێنەکاندا هاوکارم بوە.

__ کاکە (ئومێد) ی کوڕە گەورەم، کەهـەر لەسـەرەتاوە تـا کۆتـایی، زۆربـەی کـارە تەکنیکیـەکانی بەرهەمەکەی لەئەستۆ گرت.

__ بۆ هەر بەڕێزێك کە بە هەر چەشنە هاوکاریەك هاوکارمان بوو بێت.

## دەسپێك

ئەلەپەشە... ناسناوی ئەو پیاوە هەورامیەیە، کەناوی فەرمی و تەواوی بریتـی بـوە لـە: (عـەلی عەزیز ئەحمەد فەتاح غەفور بەهمەن).

زۆرن ئەو کەسانەی کە لە سەردەمی خۆیاندا، وەك ئەستێرەیەك لەئاسمانی ناوچەکەیاندا دەدرەوشێنەوە و وەك خەبات کار و خۆشەویستێك ناویان دەکەوێتە سـەر زاری خـەڵکی ناوچـەکەیان، بـەڵام بەتێپـەڕ بوونی کـات و بـەهۆی نـادادی ڕۆژگـار و کەمتەرخـەمیی هـاوڕێ و نـەوە و دڵسـۆزانی نزیکیانـەوە، زۆرێـك لـەو ناوانـە تـەپوتۆزی مێـژوو دەنیشـێتە سـەریان و، لێکۆڵـەرە لێبڕاوەکـان و نوسـەرە خامـە ڕەنگینەکان نەبن، کەس لەتوانایدا نیە ئەو تەپو تـۆزە بـەهۆی زۆریـی و کەڵەکـە بونیـەوە ڕابماڵێـت و جارێکی تر تروسکەی درەوشاوەیی ئەو ئەستێرانە دەربخاتەوە.

یەکێك لەو کەڵـەمێرد و پیـاوە لێوەشـاوانە، ئـەو کەسـایەتی و کارەکتەرەیـە کـەناوی (عـەلی عـەزیز ئەحمەد) ە و بە (ئەلەپەشە) ناوبانگی دەرکردوە.

کاتێك بڕیارماندا بەدوادا چون بۆ ژیاننامەی ئەم زاتـە و بەشـێك لـە بەسـەرهاتەکانی ژیـانی بکـەین، تـەنها لەبـەر ئـەوە نـەبوو کـە بـاپیرە و باوانمانـە، یـان هەسـتی دەمـارگیریی پـاڵی پێـوە نـابێن بـۆ بەدواداچوونەکەمان و شەن و کەو کردنی زانیارییە دەماو دەمـەکانی کـە لـەبارەی ئـەم کەسـایەتیەوە لەناوچەکەدا دەماو دەمیان پێ دەکرێت.

بـەڵکو وەك هـەر ئـەرکێکی مێـژوویی و نیشـتیمانیی تـرو، وەك هـەمو خـەم و ئەرکـەکانی تـر، کـە کەڵکەڵەیان بیر و هزری دڵسۆزان و نوسەران و لێکۆڵەران دادەگرێت و ناچـاریان دەکـات بـە، بـەدوادا چون و ساغ کردنەوەی زانیاریەکانیان، لەو ڕوەوە ئێمەش ملی ئەم ڕێگەیەمان گرتەبەر.

تاکە جیاوازیی ئەوەبوو، بەو پێیەی کە ئێمە نەوەی یەکەم و نزیکی ئەو زاتە بـووین، دەشـێت بتـوانین زیاد لەکەسانی تر زانیاریی ورد و نزیکتر لەبارەی ئـەو کەڵـەپیاوەوە دەسـت بخـەین و بتـوانین ئـەرکی خزمەت کردن بە ئەو و هەندێك لەهاوڕێکانی بگرینە ئەستۆ.

ئەم هەولّەش وەك هەموو لێكۆڵینەوە و كنە و بەدوادا چونێكی تر، ئاستەنگ و هەوراز و نشێوی سەختی هاتە ڕێ، بەڵام سوپاس بۆ خواوەند و بەهەوڵ و یارمەتیی و ڕێنومایی كەسانی بەتەمەنتر، توانرا بەشێك لەو ئاستەنگانە تێپەڕێنین و بگەین بەبەشێك لەو ئامانجانەی كەلە نەخشەماندا دامان نابوون پێیان بگەین.

سەرەتای بیرۆكەكە لەگۆشەنیگای هەست كردن بەبەرپرسیاریەتی و لاوازیی هەگبەی مێژوومانەوە دەستی پێكرد، چونكە ڕوونە كە مێژووی ئەم گەلە بەهۆی ستەمگەریی نەیارەكانی و نەخوێندەواریی خۆمانەوە، كەمێكی نەبێت، ئەوی تری نەنوسراوەتەوە و زۆربەی ئەوەش كە نوسراوەتەوە، بەهۆی تەسك بینیی ئاسۆی بیركردنەوەی ئەو سەردەمەوە، تەنها تیشك لەسەر بەشێك لەبنەماڵە فەرمان ڕەواكان بوە و هێندەی ترساون لەوەی كەشكۆی بنەماڵە فەرمان ڕەواكان لاواز ببێت، نیو هێندە لەخەمی تۆمار كردنی بەر فراوانی ڕوداوەكان و تۆمار كردنی ڕۆڵی كارەكتەرە ڕاستەقینەكاندا نەبون و، هەمو شكۆ و سەروەریەكانیان داوەتەپاڵ میر و خان و میرخاسەكانی بنەماڵە فەرمان ڕەواكان، بێ ئاگا لەوەی كەخوێنەر بەخوێندنەوەی نێوانی دێڕەكان، تێدەگات كەهەر سەروەرییەك تۆمار كرابێت، بەخوێن و هەوڵ و لێبڕانی دەیان و سەدان و هەزاران كەسی لێبڕاوتر و چاونەترس تر لەسان و خان و خانزادەو میر و میرزادەكان، تۆمار كراوە و دواتر شانازیەكەی بڕاوە بەبالآی سان و خان و میر و میرزادەكاندا.

ئەم زاتەش كەئێستا تەوەرەی ئەم نوسینەیە، یەكێكە لەو قوربانیانە و كەسایەتیەكە، كە لەدەیان وێسگەدا هەوێنی سەروەریەكانی سەردەمی خۆی بوە و هۆكاری دەركەوتن و مانەوە و سەركەوتنی خان و سان و شێخەكانی سەردەمی خۆی بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە لوتكەی دەسەڵاتدا نەبووە، نە ناوێكی لەتۆمارێكیاندا تۆمار كراوە و نەلە وێنەیەكی ئەوانیشدا دەردەكەوێت، تەنانەت گۆڕەكەشی هەڕەشەی فەرامۆشیی لەسەربوو.

ئەمە بێجگە لەوەی كە هیچ موڵك و ماڵێكی بەناوەوە نەبوە و هەرچیشی هەبووە تەنها ئەوەندە بووە وەك كەسێكی ئاسایی ناوچەكە.

بۆیە هیواداریین بەم خزمەتە سادەیە، ڕۆح و ڕەوانی كۆچكردوو، شاد بێت و توانیبێتمان گۆشەیەكی ناڕوون لەمێژووی ناوچەكە، ڕوون بكەینەوەو دەیان ڕاستیش لە ئاوەژوبوون و پوكانەوە بپارێزین.

ئیبراهیم میکە عەلی

٢٠١٩/٥/٥

## پێشەکی

گومانی تێدا نیە کەقسەکردن لەهەر برگەیەکی مێژووی رابوردوو، پێویستی بەبەڵگە و پشتیوانەی دڵنیا بەخش هەیە لە: نوسراو، بەردەنوس، وێنە، گەواهیی زیندو و شایەتحاڵ... تاد.

بۆ ئەوەی قسەکردن و ساغ کردنەوە مێژووییەکەش نزیك تر بێت لەڕاستییەوە، باشترە کە بەڵگە و بەڵگە نامەکان هاوپێچی لێکۆڵینەوە و بەدوادا چوونەکان بکرێن.

بەڵام بەداخەوە لەزۆربەی لێکۆڵینەوە و بەدوادا چوونەکاندا لەمێژووی گەلێکی ژێردەسەدا، زۆرێك لەو سەرچاوانە بەردەست نین، بۆیە بەناچاری تەنها پشت بەگێڕانەوە زارەکیەکانی کارەکتەرە نزیکەکان لەڕوداوەکان و برگە مێژووییەکەوە دەبەسرێت.

لەم بەدوادا چونەشماندا بەناچاریی تەنها پشتمان بەگێڕانەوە زارەکیی و دەماودەمەکانی شایەت حاڵە زیندوەکان و چەند سەرچاوەی نوسراو و یەك دوو بەڵگەنامە و شوێنەوار بەستووە.

شایەت حاڵەکان هەم لەگەڵ بەشێك لەڕووداوەکاندا ژیاون و هەم کارەکتەر و کەسایەتی جێگەی مەبەستیشیان بەزیندوویی بینیوە و بەهۆی نزیکی و خزمایەتی پلەیەکەوە، لەگەڵیدا ژیاون و گوێبیستی گێڕانەوەکانی و وەسیەت و ڕاسپاردەکانیشی بوون.

ئەوکاتەی کەدەسمان دایە لێکۆڵینەوەی ئەم پرسە، بەتەمەنترین کەسانی نزیکی کۆچکردوو (عەلی عەزیز ئەحمەد/ئەلەپەشە) بریتی بوون لە بەڕێزان (ئەمین میکە عەلی/کوڕەزای، موحەممەد حەمەکەریم ڕەحمان/کچەزای و ژمارەیەکی تر لە کوڕزا و کچەزاکانی و چەند کەسایەتییەکی تری ناوچەکە، کەلە جێگەی خۆیاندا ناویان دەبەین)، ئەم بەڕێزانە زۆربەیان لەتەمەنی لاویەتیدا کۆچکردوو (ئەلەپەشە) ی باپیرەیان بینیوە و گوێیان لێ گرتوە و پرسیاریان لێ کردووە.

سوپاس بۆ خوا هەموشیان لەکاتی ئامادەکردنی ئەم بەدواداچوونەدا لە تەندروستیەکی باشدا بون و (ئەمین میکەعەلی) لەتەمەنی (٨٣) ساڵیدا و (محەممەد حەمەکەریم ڕەحمان) یش لەتەمەنی (٧٥) ساڵیدا بوون.

لەپاشکۆی ئەم نوسینەشدا وێنەی زۆربەیان دانراوە.

سەرەتای بیرۆکەکە لەوێوە سەری هەڵدا، کاتێك هەردوو کتێبی بەناوبانگی مێژوویمان خوێندەوە{(مێژووی هەورامان) ی کۆچکردوو (د.محەممەد ئەمین هەورامانی)، (چیرۆکی من و گوندەکەم) م.حەمەکەریم هەورامی}، وێڕای ماندو نەبوونی زۆر و دەسخۆشی گەرم بۆ هەردووکیان،

هەستمان کرد لەم دوو نوسینەدا کەبۆ دواتر دەبنە بەڵگە و سەنەدی مێژویی گرنگ بۆ ساغ کردنەوەی پرسە مێژووییەکان، ئەو بەڕێزانە بەمەبەستەوە بوبێت یاخود بێ مەبەست، یان لەڕووی بێ ئاگاییەوە بوبێت، خۆیان لەقەرەی مێژووی ئەم پیاوە (ئەلەپەشە) نەداوە و چاویان لەئاست هەموو نەبەردیی و هەڵوێستە جوامێرانە و هەنگاوە دلێرانە و چاونەترسیەکانی و بەهانەوە چونەکانی بۆ ستەم لێکراوان، داخستوە و بەدرێژیکیش باسیان لێوە نەکردوە، تەنها لەیەك دوو شوێندا ناویان وەك کەسایەتییەکی سەردەمەکەی بردوە.

هەروەها (م.حەمەکریم هەورامی) لەباسی گوندی (گوڵپ) دا نەدوور و نە نزیك باسی ڕۆڵی کاریگەری (ئەلەپەشە) و (مەیکە عەلی عەزیز) ی کوڕە گەورەی ( ئەلەپەشە) ی نەکردوە، لەکاتێکدا بەدڵنیاییەوە ئاگاداری ڕۆڵی ئەو پیاوانە بووە لەسنورەکەدا..!

ئەم چاو لێ داخستن و خۆلادانە لەکاتێدایە کە ناوی (ئەلەپەشە)، نەك تەنها وەك کەسایەتییەکی کاریگەر، بەڵکو وەك ئەفسانەیەکیش لەناو یادەوەریی بەتەمەنەکاندا ئامادەیی هەیەو، خەڵکی ناوچەکە تائێستاش، نەبەردیی و بوێریەکانی وەك هێمایەکی دژبەری داگیرکاران و ستەم و بەگژا چونەوەی نادادیی، دەگێڕنەوە و دەماودەمی پێ دەکەن.

بۆیە بەپێویستمان زانی وەك تەواوکاریەك بۆ نوسینەکانی ئەوان و وەك ئەرکێکی مێژووییش، هەستین و بەدواداچوون بکەین بۆ ڕوداو و بەسەرهاتەکانی ژیانی کۆچکردو و نوسینەوەیان و کۆکردنەوەی زانیارییە پەرش و بڵاوەکان لەسەر ژیاننامەی ئەو پیاوە و دارشتنیان بەشێوازێك کەنەوەی نوێ بتوانێت سود و ئیلهامی لێ وەربگرێت و لەوێشەوە دیوێکی شاراوەی ڕوداوەکانی ئەو سەردەمەی تێدا ڕوون بکەینەوە.

دەکرێت خستنەڕووی ئەم زانیاریانەش ببێتە کلیلی بەدوادا چون بۆ دەیان پرس و بابەت و ژیاننامەی چەندین کەسایەتی تری کاریگەر لەو سەردەمەدا.

هەنگاوی سەرەتای ئەم پرۆسەیە بەوە دەستی پێ کرد، لە فەرمانگەی باری شارستانی (بیارە) پرسیارمان کرد لە بارەی بەرواری لەدایك بوون و کۆچی دوایی و ناوی تەواوی باوك و دایك و باپیریەوە و، بەسوپاسەوە بەڕێز (عادل مەجید) بەڕێوەبەری فەرمانگەکە، هاوکاری کردین و زانیاری

تەواوی خستە بەردەست لەبارەیەوە و پێشی ڕاگەیاندین کەهێشتا (ئەلەپەشە) لەتیانوسەکانی باری شارستانی (بیارە) دا نەمرێنراوە و واچاکە کاربۆ مراندنی بکرێت.

پاش ساغ بونەوەی زانیارییە سەرەتاییەکان، دەستمان کرد بەگەڕان و بەدواداچوون بۆ دواهەوار و مەزار و گڵکۆ و گۆڕەکەی، یەکەم پرسیار لە بەڕێز (عزەت میکە عەلی) کوڕەزای کرا لەبارەی شوێنی ئەسپەردەکردن و ئارامگاکەیەوە.

خۆش بەختانە ئەو لەبیری مابوو کە لە گۆڕستانی (گوڵپ) و لەکوێدا ئەسپەردەی خاك کراوە و ناونیشانی جێگەکەی پێداین، بەڵام دڵنیا نەبوو لەناو ئەو گۆڕە زۆرانەدا کامە گۆڕەکەی باپیریەتی، چونکە ئەو لەدایك بویساڵی (١٩٥٣) یە، واتە: لەکاتی وەفاتی باپیرەیدا تەمەنی تەنها (٧) ساڵ بووە، بەڵام دیارە لەگەڵ باوك و دایکیدا چوەتە زیارەتی مەزاری باپیرەی.

بۆیە پێویست بوو دوای ئەو، پرسیار بکەین لە بەڕێز (ئەمین میکە عەلی) کوڕەزای بەتەمەنتری (ئەلەپەشە) کە لەکاتی وەفاتی باپیرەیدا تەمەنی (٢٢) ساڵ بوە و بەشداریی ڕێوڕەسمی بەخاك سپاردنەکەشی کردووە، وەك خۆی باس دەکات، لەکۆتایی وەرزی پایز و سەرەتای وەرزی زستاندا بوە و لەو ڕۆژەدا بەفرێکی زۆر باریوە، هەر لەو کاتەشدا هەستی بەوە کردوە کەیەکێك لەکێلەکانی گۆڕەکەی دیاری بکات، تا بەو هۆیەوە بناسرێتەوە و ون نەبێت.

یەکەم جار کە بۆ ئەم مەبەستە چوومە لای بەڕێز (ئەمین میکە عەلی) ڕۆژی شەممە (٢٠١٩/٢/١٦) بوو، لەماڵی خۆی لە شارۆچکەی خورماڵ و (نەرمین خان) ی کچی و کاك (مەهدی مەحمود) ی زاوای لەوێ بوون و ئامادەی گفتو گۆکەمان بوون، هەندێ بیرەوەریی ڕۆژی وەفات و ئەسپەردە کردنەکەی باپیری بۆ گێڕاینەوە و زانیاریەکانی کاك (عزەت میکە عەلی) ی پشتڕاس کردەوە و ناونیشانێکی تریشی زیاد کرد و گوتی: یەکێك لەکێلەکانی سەر مەزارەکەی پێچێکی وە ك شکاوی تێدایە و شکاویش نیە.

ئێمەش بڕیارمان دا لە کاتێکی گونجاودا بچین و بەپێی زانیاریەکانی کەوەرمان گرتبون بەدوای مەزار و گڵکۆ و گۆڕەکەیدا بگەڕێین، خۆش بەختانە کە ئێمە لە (سلێمانی) ەوە گەشتینە (گوڵپ) بۆ ئەوەی بەدوای گۆڕەکەدا بگەڕێین، بەڕێز (مەهدی مەحمود) کەدانیشتوی گوندی (گوڵپ) ە و وەك گوتمان

ئاگاداری هەوڵەکانی ئێمە و زانیاریەکان بو لەبارەی شوێنی گۆڕەکەوە، هاتە سەر ڕێگەکەمان و گوتی: بەپێی ناونیشانەکانی خالۆ (ئەمین) و کێلە چەماوەکە، گۆڕەکەم بۆ دۆزیونەتەوە و گژوگیای دەوری کێلەکەم خەواندوە و بڕۆن بیبینن.

ئێمەش (نوسەری ئەم بابەتە و کاکە **محەممەدی** کورم)چوینە ناو گۆڕستانەکە و گۆڕەکەمان دۆزیەوە و هەموو گیا بەهاریەکانی سەر گۆڕەکە و دەوری کێلەکانمان هەڵکێشا و بەتەواوی ڕۆشنمان کردەوە.

خۆش بەختانە منیش هەر لەوکاتەدا بیرم هاتەوە کەلەگەڵ باوکی ڕەحمەتیمدا، زیارەتی گۆڕی باپیرەمان کردوە و، بەیانیەکی زوو لەگەڵ باوکمدا لەهەوارگەی هاوینەمانەوە (لاوتایلێ) هاتینەوە بۆ ناو گوند (وەرزیش هاوین بوو) تالەگوندەوە بە ئوتۆمۆبێل و جێبەکەی ڕەحمەتی کاك (حەکەریم وحەنێ) بچین بۆ (سلێمانی) بەمەبەستی چارەسەری تەندروستی بۆمن، ئەوکات پێدەچێت تەمەنم لە ( ٦ــ ٧) ساڵیدا بوبێت، باوکم نوێژی بەیانی لەسەر بەردەنوێژێك کرد کەلەسەر دیواری دەوری گۆڕستانەکەبوو، دواتر فاتیحەی خوێند بۆ ڕۆحیانەتی مردوانی ناو گۆڕستانەکە و منیش لەتەنیشتیەوە بێدەنگ دانیشتبوم.

دوای ئەم قۆناغەش داوامان کرد لەکاك (ئەمین میکە عەلی) کە بەزەحمەتی نەزانێت و سەردانێکی مەیدانی مەزارەکە بکات و دڵنیامان بکاتەوە لەوەی کە ئایا ئەوە مەزاری کۆچکردوە یان نا..؟

(کاك ئەمین) سەردانەکەی کرد و بە پەیوەندیەکی تەلەفۆنی، منی دڵنیاکردەوە کە بەپێی بەڵگەکانی کەلەلای ئەوە، ئەوە مەزارەکەیە و دەسخۆشی لێ کردم کە ئەو بەدوادا چونەم کردوە.

پاش ئەوەی کە ساغ بونەوەی گۆڕکە کۆتایی هات، بڕیاری نۆژەن کردنەوە و دیاری کردنی گۆڕەکەمان داو، تێچوی نەوژەن کردنەوەکەش لەلایەن نوسەری ئەم بابەتەوە دابین کرا، نەوژەن کردنەوە و دەس نیشان کردنەکەش بەشێوازیك دیزاین و نەخشەی بۆ دانرا، کەنیشان کردو هێماکانی گۆڕەکە و کێلە بەردە کۆنەکانی دەسکاریی نەکرێن و بەدەوری ئەواندا دیوار و بەردەنوسێکی تازە دانران.

لەپاشکۆی ئەم نوسینەدا چەند وێنەیەك لەمەزارەکە دانراوە.

لەیەکـەم هـەنگاوی نـوێژەن کردنەوەکەشـدا،لەکاتێکدا کەهێشـتا (وەسـتا محەمـەد مـەحمود و یاسـین ئیسماعیـل) ی هاوکاری دەسیان نەدابویە کارەکە، بەڕێز (حـاجی محەمـەد حەمەکـەریم ـ حەمەقەتـە) لەکاتی هاتنەوەیدا بۆ هەوارگەکەی لە (گوڵپ)، هاتە لامان و ئەویش پشت ڕاسـی کـردەوە کـە بـەڵێ ئەوە گۆڕی (ئەلەپەشە) ی باپیری ئەویشە لەسەری دایکیەوە و دەسخۆشی لێ کردین بۆ ئەو کارەی کە پێی هەستاوین.

پاش دەسنیشان کردن و نیشان کردنی گۆڕەکە، قۆناغی سـێیەم دەسـتی پـێ کـرد کـە بریتـی بـوو لـە وەرگرتنی لێدوان و لێکدانی زانیاریەکان لە کەسە نزیکەکانی کۆچکردوو (ئەلەپەشە) لەهەردوو دیـوی هەورامان و سـەردانی مـاڵی کـوڕ و کـوڕەزا بـەگزادەکانی بنەماڵـەی کۆچـکردوو (سـالار) مـان کـرد لەگوندەکانی (بنجەودڕەی) و (سەرگەتە) و سەردانی گوندی (بانیشار) و دیـدارمان کـرد لەگـەڵ کـاك (حەمـەلاو) کەسـایەتی گوندەکـەداو، باسـێکمان کـرد لـەو شـاخەی کـەناوی (ملـەو یارەپەشـە) یـەو دەکەوێتە تەنیشتی گوندی ( بانیشار) ی کۆن و دامێنی چیای سـورێنەوە، کـەتا ئێسـتاش هـەر بـەو ناوەوە ماوەتەوە و هێمایەکە بۆ ئەو ڕوداو و جەنگـەی کـە (یارەپەشـە) ی بـرای (ئەلەپەشـە) ی تێـدا کوژراوە و (ئەلەپەشە) ش لەو شاخەدا بەری بەسوپا شکست خواردوەکەی بەرانبەریان گرتوە و هـەوڵی دۆزینەوەی بکوژی براکەی داوە.

هەروەها سەردانی گوندی (عەنەب) مان کرد و دیدارمان ساز کـرد لەگـەڵ کەسـایەتی بـەڕێز (حـاجی محەمەدی مامەڕەشە) لەبارەی بیرەوەریەکانی خەڵکی ناوچەکەوە لەبارەی کۆچکردوو (ئەلەپەشە) وە.

سەرەتای کۆکردنـەوەی زانیاریـەکان، بـەوەرگرتنی زانیـاری لـە بـەڕێز (حـاجی محەمـەد حەمەکـەریم ـ حەمەقەتە) ی کچەزای (ئەلەپەشە) دەستی پێکرد، سەردانمان کرد و لە هەوارگەکـەی خـۆی لەگونـدی (گوڵپ) پێشوازی کردین ، ئامانج لە دیدارەکـەمان بـۆ ڕوون کـردەوە و ئـەویش ئامـادەیی نیشـاندا و کەوتینە گفتوگۆ لەگەڵیدا و لەماوەی یەك کـات ژمێـردا بـەپێی زانیـاری و بیرەوەریـەکانی خـۆی کـە لەتەمەنی لاویەتیدا چاوی بە (ئەلەپەشە) ی باپیرەی کەوتوە و گوێی لێ گرتـوە، وێسـگە گرنگـەکانی ژیانی بۆ خستینە ڕوو.

دواتر بەیاوەری خۆشەویست (حەبیب ئـەمین میکـە) سـەردانی بـەڕێز (ئـەمین میکەعـەلی) کـوڕەزای (ئەلەپەشە) مان کرد لە شارۆچکەی خورماڵ و لەماڵی خۆیدا پێشـوازی کـردین و هەرچـەندە چـوبویە ناو تەمەنەوە، بەڵام سوپاس بۆ خوا بیر و هۆشی تەواو چالاك بوو.

سەرەتا بۆمان باس کرد کە بەنیازی پڕۆژەیەکی واین کە ژیاننامـەی بـاپیرەی هـەمومان و کەسـایەتی دیاری سەردەمەکەی خۆی بنوسینەوە، بۆیە پێویستە ئەو هەوڵ بدات بێلایەنانە زانیاریەکان بخاتـە ڕوو و بەئاسایشی بزانێت هەروەك چۆن خاڵ و وێستگە ئەرێنیەکانی ژیانی باپیرەی دەخاتە ڕوو، هـەر واش خاڵ و وێستگە نەرێنیەکانیشی بخاتە ڕوو، بـۆ ئـەوەی کـە ژیـان نامەکـەمان ئامـادە کـرد و بلاٌومـان کردەوە،خوێنەر و لێکۆڵەر بتوانێت وێنایەکی نزیك لە ڕاستی ژیانی (ئەلەپەشە) ببینێت و بخوێنێتـەوە و وێنا بکات .

دواتر پەیوەندیمان کرد بە بەڕێز (فەرەیدون کەیخەسرەو بارام ـ فەرەیدون بەهرامی) برازازای (ئەلەپەشە) وە کە کەسێکی خوێنەوار و شاعرێکی ناودارە و لە بارەی بـەرەبابی (بـارام ـ بالـە پەشـە) ی بـاپیری خۆی و برای (ئەلەپەشە) وە زانیاری بەسـودی پـێ دایـن، هـەروەها بـەڕێزان (عـارف میکـە عـەلی، ئەبوبـەکر ئەحمـەد، یاسـین حەمەکـەریم ڕەحمـان، عـزەت میکـە عـەلی) ش چـیان لـەتوانادابو، بەبیرەوەریەکانیان هاوکارمان بوون.

بەهەمان شێوە بەڕێز (هۆشمەن یار ئەحمەد بەگ) کۆمـەڵێك زانیـاری پێشـتر نەبیسـراوی تـازە و چـەند بەڵگـە نامەیـەکی خسـتە بەردەسـتمان و زۆربـەی زانیاریـەکانی پێشـتری خۆمانیشـی بـۆ پشـتڕاس کردینەوە.

ئیبراهیم میکە عەلی

٢٠١٩/٥/٧

## ***ناوی تەواوی و شوێنی لەدایك بوونی و هەندێ لە تایبەت مەندیەکانی***

ناوی تەواوی بریتیە لە (عەلی عەزیز ئەحمەد فەتاح غەفور بەهمەن).

ناسراو و ناوداربووە بە (ئەلەپەشە).

بەپێی تۆماری باری شارستانی (بیارە) لەدایك بوی ( ١٨٧٥/٧/١) ە و لەگوندی (هانەگەرملە) ی نزیك شارۆچکەی (بیارە) هاتوەتە ژیانەوە.

دایکی ناوی (پەسەند ڕەحمان) بووە.

(ئەلەپەشە) وەك ئەو بەڕێزانەی کە بینیویانە و دەگێڕنەوە: پیاوێکی چوست و چالاك و بالاّ مام ناوەندی چوار شانەی گەنم ڕەنگ بووە، چاو و برۆی قایم بووە، ئەبرۆی پەیوەست و قژو ڕیش و توکی لەشی ڕەشی تۆخ و موو زبر بووە.

پیاوێکی بەویقار و کەم دوو بەسەرنج بووە.

جگەرە کێش بووە و بەسواری ئەسپ هاتو چۆی کردوە.

(عەزیز) ی باوکی واپەروەردەی کردوە کە نە ستەم لەکەس بکات و نە ستەمیش لەکەس قەبولّ بکات،(بابا عەزیز) وەسیەتی بۆ (عەلی) کورە گەورەی و (بارام و یارئەحمەد) ی کوری کردوە کە: نەهێڵن ماڵیان لەکۆڵێك زیاتر بێت، بۆ ئەوەی ناچار نەبن بەهۆی ماڵەوە سەرکزیی قەبوولّ بکەن، لەبەر خۆشەویستی ماڵی دونیاش نە ستەم لەکەس بکەن و نە ستەمیش لەکەس قەبولّ بکەن.

ئەم وەسیەت و ڕاسپاردەیەی باوکیان کاریگەریی زۆری بەسەر ژیانی کورەکانیەوە داناوە، بەتایبەت بەسەر ژیانی (عەلی) کورە گەورەیەوە.

دیارە (بابا عەزیز) خۆی هەروا ژیاوە، بۆیە کورەکانیشی هەر لەسەر ئەو ڕەوشە بار هێناوە.

پیشە و کەسابەتی بنەماڵەکەیان بەپلەی یەکەم لەسەر باخداری و دواتر لەسەر حەیوان داری بووە.

باخ ومولّکی (عەزیز) ی باوکی هەر لە گوندی (هانەگەرمڵە) بوە و پاش کۆچی دوایی باوکیان (عەلی) و براکانی، سەرقاڵی باخ داری و حەیوان داری بوون و بژێوی ژیانیان لەو ڕێگەیەوە دابین کردووە.

ناسناوی (ئەلەپەشە) ش دەگونجێ لەناوی دایکیانەوە وەرگیرا بێت، کە ناوی (پەسەند) بووە و پێی وترا بێت (عەلی پەسەند) و دواتر بەهۆی بەکار هێنانەوە گۆڕابێت بۆ (ئەلەپەشە).

ئەوەی ئەم بۆچونە پشت ئەستور دەکات، دوو خاڵە:

١. براکانیشی هەر بەناوی (بالە پەشە) و (یارەپەشە) وە ناوبانگیان هەبوە، دەشگوترێت کورت کراوەی (عەلی پاشا) یە کە لەلایەن عوسمانیەکانەوە وا ناوبراوە،چیرۆکی ناولێنانیشی بەو ناوەوە لەبڕگەکانی دواتردا دەخەیتەڕوو.
٢. بەوپێیەی کاتێك باوکیان لەسەفەری حەجدا کۆچی دوایی کردووە، ئەمان مندالّ بوون و دایکیان سەرپەرشتیی ژیانی کردوون و بەو هۆیەوە بەناوی دایکیانەوە ناسراونەتەوە،

تێبینیەکی پێویست: هەرچەندە لەتۆماری فەرمی دەوڵەتدا بەرواری لەدایك بونی بەو شێوەیە تۆمار کراوە کە گوایا لەدایك بوی ( ١٨٧٥/٧/١) بێت،بەلاّم بەپێی لێکدانەوەکان، وا دەردەکەوێت ئەم بەروارە هەڵەبێت، چونکە:

١. ڕوونە کە بەرواری (٧/١) بۆ ئەو کەسانە دادەنرێت کە بە مەزەندە تەمەن و وادەی لەدایك بونیان دیاری دەکرێت.
٢. بەڕێز (ئەمین میکە عەلی) کوڕەزای دەڵێت: باپیرەم لەتەمەنی (١٠٥) ساڵیدا کۆچی دوایی کردوە.

ئەم خاڵ و هۆکارانە ئاماژەن بۆ ئەوەی کە ئەو پیاوە تەمەنی زیاتر بوبێت لەوەی کە تۆمار کراوە، بەڵام ئێمە لەم بەدواداچونەدا زیاتر پشتمان بەتۆمارە فەرمیەکان بەستووە.

## کۆچی دوایی (عەزیز) ی باوکی و شوێنی بەخاك سپاردنی

بەوپێیەی ناوچەکە و خەڵکەکەی هەواداری شێخانی نەقشیی بوون (عەزیز ئەحمەد فەتاح) ی باوکی (ئەلەپەشە) ش هەم بەو حوکمەو هەم بەهۆی ئەوەوە کە برای شیری هاوژین و خێزانی (شیخ عومەری بیارە/ کوڕی شێخ عوسمانی تەوێڵە) بووە، مورید و یەکێك بوە لەو کەسانەی کە جێ متمانەی (شێخ عومەر) بووە.

بۆیە کاتێك (شێخ عومەر) ویستویەتی (خێزان و هاوژین) ی خۆی بنێرێت بۆ حەج و زیارەتی کابە، دەنێرێت بەدوای (عەزیز ئەحمەد فەتاح) ی باوکی (ئەلەپەشە) داو داوای لێدەکات بەو پێیەی مەحرەمی خێزانیەتی، ببێتە لەلەو سەرپەرشتیاری قافڵەی خێزانەکەی لەسەفەری حەجەکەیاندا.

(بابا عەزیز) ئامادەیی دەردەبڕێت و لەکاتی دیاری کراودا و لەڕێگەی وشکانیەوە و بەسواری بەرزە وڵاخ بەڕێ کەوتون بەرە و سەفەرەکەیان، پاش بەجێ گەیاندنی زیارەت و ئەنجامدانی حەجەکەیان، گەڕاونەتەوە و لەڕێگەی گەڕانەوەیاندا و لەوڵاتی شامی ئەوسا و لەشاری (دیمەشق) ی سوریای ئێستا (بابا عەزیز) نەخۆش دەکەوێت، بەداخەوە هەر بەهۆی ئەو نەخۆشیەوە کۆچی دوایی دەکات و هەر لەو شارە و لە گۆڕستانی نزیك ئارامگای (مەولانا خالدی نەقشبەندی) بەخاك دەسپێردرێت و ئێستاش گۆڕەکەی هەر لەوێیە.

گێڕانەوەی ئەم گەشت و کۆچە بەسوپاسەوە لەزاری بەڕێز (ئەمین میکە عەلی) و ئەویش لەباوکیەوە و ئەویش لەباوکیەوە وەرگیراوە.

## سوتاندنی گوندی (هانەگەرمڵە) لەلایەن عوسمانیەکانەوەو دواتر جێگیر بونیان لەناوچەکەدا

لەسەرچاوە مێژویەکاندا هاتووە کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، هێزێکی دڕی پڕچەکی هەبووە بەناوی (سوارەی حەمیدیە) و ئەم هێزە ئیشی ئەوەبووە، ساڵانە دووجار بگەڕێت بەسەر تەواوی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی عوسمانیدا و سەرکوت و تەمێی ئەو کەس و دەسەڵاتە خۆجێییانە بکات کەمل نادەن یاخود سەرپێچی دەکەن لەفەرمانەکانی ئاستانە و خەلیفەی سەردەم و سەرانە و باج نادەن، گەشتەکانیان وا ڕێك خستووە کە لەساڵێکدا دووجار، جارێك بەهاوین و جارێك لە زستاندا ڕێیان کەوتوەتە سەرلەبەری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی، ناوچەی هەورامان و سان و بەگ زادەکانیشی، یەکێك بوون لەو ناوچانەی کە بەرەنگاری داگیرکاری عوسمانی بونەتەوە و شەڕی ڕووبەڕو و پارتیزانیشیان لەگەڵ سوپاکەیدا کردوە، فەرمانڕەوا و سان و سەرداری ئەودەمی هەورامان (جەعفەر سوڵتان) بوە، کەبە (جافرسان) ناوبانگی هەبوە و ناو براوە، یەك لەو روبەڕو بونەوە چەکداریانە لە دوڕیانی (گوڵپ)، ئەو شوێنەی کە پێی دەوترێت (دارو بەرمەڕای) لەنێوان جەنگاوەرانی هەورامان و سوپای عوسمانیدا رویداوە و (ئەلەپەشە) ش وەك بەڕێز (هۆشمەن بەگ کوڕی یار ئەحمەد بەگ) دەڵێت: وەك سوپا سالاری جەنگاوەرانی لهۆن بەشداری و سەرکردایەتی ئەو شەڕەی کردوەو سوپای عوسمانیان لەپێشڕەوی ڕاگرتوەو ناچار بە پاشە کشەیان کردوە.

دواتر عوسمانیەکان لە پەرچە کرداری شکستەکەیاندا و بەهۆی بەرەنگار بونەوەی خەڵکی ناوچەکەو بەگ زادەکان بۆ پیلانەکانیان، هێرشیان کردوەتەوە سەر ناوچەکە و ئەو گوندانەیان سوتاندوە کەبەرگرییان تێدا کراوە، یان ناوەندی دەسەڵاتە خۆجێییەکان بوون، یەك لەو گوندانەش گوندی

(هانەگەرملە) بوە کە جێی نیشتەجێ بونی (عەلی عەزیز ئەحمەد) و باوك و کەسوکاری و براکانی بوە و لەلایەن عوسمانیەکانەوە سوتێنراوە.[1]

بۆجاری دوەم و لەساڵی داهاتودا کاتێك دیسانەوە سوپای عوسمانیەکان هێرشی هێناوەتەوە سەر ناوچەکەو بەرگری کارەکانیش (کە عوسمانیەکان بە چەتە ناویان بردون) ڕووبەڕویان وەستاونەتەوە، سوپای عوسمانلی بۆردومانی کردوەو دیسان نیازی کوشت و بڕی خەڵك و سوتاندنی گوندەکانی کردوە.

بەگزادەکانیش کەزانیویانە لەڕووی لۆجستیەوە توانای روبەڕو بونەوەی سوپای عوسمانلیان نیە، کشاونەتەوە بۆ گوندی (نەوسود) و شاری (پاوە) و ناوچەی هەورامانی لهۆنیان لەڕوی ئەم دیوەوەو گوندەکانی (بیارە، هانەگەرملە، کەیمنە، بێرواس، دەگا شێخان) نیان بەجێ هێشتوە.

(عەلی عەزیز ئەحمەد) یش بە ئاگاداری (جافر سوڵتان) داوای کردوە لەخەڵکی گوندەکان کە کۆ ببنەوەو خۆی بە ئالآیەکی سپیەوە پێشیان کەوتوەو لە (ملەگاو چناری) پێش شارەدێی (بیارە) پێشیان بەسوپای عوسمانلی گرتوەو وەك بەڕێز (ئەمین میکە عەلی) کوڕەزای لەزاری خودی (عەلی عەزیز ئەحمەد ـ ئەلەپەشە) وە دەگێڕێتەوە، (ئەلەپەشە) پاڵی داوە بەلولەی تۆپە دورهاوێژەکانی سوپای عوسمانلیەوەو کەوتوەتە گفتوگۆ لەگەڵ کاربەدەستانی سوپاکەداو لێی پرسیون بۆچی دیسانەوە دەتانەوێت بۆردومانی ناوچەو گوندەکانمان بکەنەوەو ماڵمان وێران بکەنەوە،چیتان دەوێت پێمان بڵێن..؟

بەپێی ئاماژەکان ئەم ڕوداوە لە نیوەی یەکەمی دەیەی یەکەمی سەدەی بیستدا بوە.

ئەم هەڵوێستەی (ئەلەپەشە) سەرنجی سەرکردە سەربازیەکانی سوپای عوسمانی رادەکێشێت و دەپرسن ئەم کابرایەتان ناوی چیە..؟

خەڵکەکەش دەڵێن: ناوی (عەلی پەسەند ـ ئەلەپەشە) یەو دواتر ئەوان بە (عەلی باشا) ناوی دەهێنن.

---

[1] محەمەد ئەمین هەورامانی ـ مێژووی هەورامان ـ لاپەڕە (٣٢٩).

کاربەدەستانی عوسمانیش پێیـان دەڵـێن: ئێمـە دەمانـەوێت لـەم ناوچـەیەدا سـوپا و حکومـەتمان جـێ گیربێت و ئێمە حوکمی ناوچەکە بکەین، بۆیە تا (چەتەکان) خۆیـان نـەدەن بەدەسـتەوە یـان ناوچـەکە چۆڵ نەکەن، ئێمە ناتوانین جێگیر ببین.

(عــەلی عــەزیز ئەحمــەد ـ ئەلەپەشــە) ش دەڵێــت: ئێمــە دەتــوانین زەمانــەتی بارەگــا و بنکــەی حکومەتەکـەتان بکـەین و بتـان پـارێزین، لەبەرانبەریشـدا ئێـوە واز بێـنن لەکوشـتار و بۆردومـانی ناوچەکە و گوندەکانمان مەسوتێنن.

بۆیە تورکە عوسمانیەکان (عەلی عەزیز ـ عەلی پەسەند ـ ئەلەپەشە) لای خۆیان دەهێڵنـەوە تـا زیـاتر لەیەك تێ بگەن و خەڵکی ناوچەکە دەنێرنەوە بۆ گوندەکانی خۆیان.

دواتر عوسمانیەکان (عەلی پەسـند ـ ئەلەپەشـە) دەکەنـە حـاکمی ناوچـەکەو بەڵێننامـەو پـەیمانی لێ وەردەگرن کە ناوبراو دەچێتەژێر بەرپرسیاریەتی پاراستنی ئەو بنکـەی کـە عوسمانیـەکان بـەنیاز دەبـن لەگونـدی (هانەگەرمڵـە) دابمـەزرێنن و لـەوێ جـێگیری بکـەن، بیـان پارێزێـت لـەهێرش و پـەلاماری (بـەگزادەکان)، لەبەرانبەریشــەوە عوسمانیــەکان دەس هــەڵگرن لەپــەلامارو ســوتاندنی گونــدەکانی ناوچەکە.

بنکـەی دەسـەڵاتی عوسمـانی (کەلـە دوو ئەفسـەر و حـەوت سـەرباز پێـك دێـت) دەچـێتە گونـدی (هانەگەرمڵە) و لەوێ جێگیر دەبێت.

(عەلی عەزیز ـ ئەلەپەشە) بەنهێنی پەیوەندی دەکات بە (جافرسان) ە وە و بۆی ڕون دەکاتەوە کەبـەو شـێوەیە ڕێـك کـەوتووە لەگـەڵ عوسمانیەکانـدا و ناوچـەکەی پاراسـتوە لـەوێران کـردن و سـوتاندن و پلانێکیشی هەیە بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتی بنەماڵەی سانەکان بۆ ناوچەکە.

پاش جێگیر بوونی عوسمانیەکان لە گوندەکەیاندا (عەلی عەزیز ـ ئەلەپەشـە) هـاوڕێ و هـەوادارەکانی ڕادەسپێرێت کە شەوانە و لەڕێگەی تەقە تفـەنگی دور هاوێـژەوە عوسمانیـەکان بترسـێنن تـا ئـەوانیش هەم زۆر پێ ڕانەکێشن و هەم هاناش بۆ لای ئەو ببەنەوە تا بیان پارێزێـت و داوای لێ بکـەن پابەنـدی بەڵێنەکانی ببێت.

ئەویش لەبەرانبەردا چەند جار دوای هێرشە پلان بۆ دارێژراوەکان، کێومالّی ناوچەکە دەکات و تەقو توقێکی دەسکرد ساز دەکات و بەعوسمانیەکان دەڵێت: بێخەم بن چەتەکانمان ڕاو ناون و تەمێمان کردون.

پاش ماوەیەك بنکەکەی سوپای عوسمانی لەناوچەکە، بروسکە و ڕاپۆرتی خۆیان دەدەن بەسەروی خۆیان، لەبڕگەیەکدا ڕونی دەکەنەوە کە (عەلی باشا ـ مەبەستیان عەلی عەزیز ئەحمەد ئەبێت) پابەندی بەڵێنەکانی بوە و سنوری داناوە بۆ دەس درێژی (چەتەکان ـ کە مەبەستبان بەگزادەکان بوە) و ئاسایشی ئێمەی پاراستوە.

ئەگە ڕادەستی ئەم لێکدانەوەیە ببین دەتوانین بلێین: لێرەوە کە عوسمانیەکان بە (عەلی باشا) ناویان بردوە، لەژێر کاریگەری زمانی ناوچەکەدا کە دەربڕینی پیتی (ع) ی لا قورسە، ناوەکەی گۆڕاوە بە (ئەلەپەشە)، ئیتر ناو و ناسناوی (ئەلەپەشە) ی وەرگرتوە و لەناو خەڵکیشدا بەو ناوەوە ناسراوە و شانازیشیان بەهەڵوێستەکانیەوە کردوە و بەشانازیەوە ناویان بردوە.

بەڵام وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، بەو پێیەی کە براکانیشی بە (بالە پەشە و یارەپەشە) ناو براون و پێش ئەم ڕوداوەش ئەو ناسناوەیان هەبووە، دەشێ بە هۆی ناوی دایکیانەوە کەناوی (پەسەند) بوە و باوکیان لە ولاتی شام و لە غەریبیدا بەڕەحمەتی خوا ڕۆشتوە و دایکیان سەرپەرشتی کردوون، ئەو ناسناوەیان لەوێوە بڕابێت بەسەردا و وەریان گرتبێت.

پاش ئەوەی کە (ئەلەپەشە) دڵنیا دەبێت کەبوەتە جێ متمانەی عوسمانیەکان و ئاسایشی ناوچەکەی پاراستوە، خۆی لەنزیکەوە سەردانی (جافرسان) دەکات و ڕەوشی ناوچەکەی بۆ باس دەکات و بەپێی ڕێك کەوتنی پێشوەختەیان داوای لێ دەکات یەکێك لەکەسە نزیکەکانی بنێرێتەوە لەگەڵیدا بۆ (هانە گەرمڵە) و بەگایەتی ناوچەکەی پێ بسپێرێتەوە، بەڵام بۆ دەسنیشان کردنی کەسەکە، بەو پێیەی کە پێشتر (ئەفراسیاو بەگی برازای سان) لە (هانەگەرمڵە) بوە و ئێستاش (ئەلەپەشە) خۆی بەرپرسیارە لەپاراستنی، مافی ئەوەی بداتێ کە (ئەلەپەشە) خۆی کەسەکە دەسنیشان بکات.

ئەویش (ئەفراسیاو) ی برازای (جافر سان) هەڵ دەبژێرێت کە پیاوێکی هەڵکەوتو بوە و لەو کاتەدا تەنها یەك کوڕی هەبووە بەناوی (زۆراب).

(ئەلەپەشە)لەدایك بوی سالّی (١٨٧٥) بوە، (ئەفراسیاو بەگ) یش لەدایك بوی سالّی(١٨٨٧) بوە. [١]

واتـە: (ئەفراسـیاوبەگ) بەتەمـەن (١٢) سـالّ لـە (ئەلەپەشـە) منـدالّ تـر بـوە و پێدەچـێ یـەکێك لـە هۆکارەکـانی دەس نیشـان کـردن و هەڵبژاردنیشـی لەلایـەن (ئەلەپەشـە) وە، ئەمـەبوبێت بـۆ ئـەوەی بتوانێت قسەلەقسەیدا بکات.

(جافرسان) بژاردەکـەی (ئەلەپەشـە) ی لاقـورس دەبێـت، بـەلاّم بـەهۆی رێککـەوتنی پێشـوەختەیەوە لەگەڵ (ئەفراسیاو بەگ) دا کە دواتر باسی لێوە دەکرێت و پیێ داگری (ئەلەپەشە) شەوە بۆ داواکـەی، (جافرسان) ڕازی دەبێت و فەرمانی بەگایەتی بـۆ (ئەفراسـیاو) وەك بـەگی ناوچـەکە دەردەکـات و بـە هاوڕێیەتی (ئەلەپەشە) خۆی و ماڵ و خێزانی لە (نەوسودەوە) وە دێنەوە (هانەگەرمڵە) و بـۆ مـاوەی یەك ساڵ ماڵی (ئەفراسیاو بەگ) لە خانوو ماڵی (ئەلەپەشە) دا دەبێت و دواتر کـە دەبێتـە (سـالار) لەپێدەشتی گوندەکەدا خانوو کۆشکێکی گەورە دروست دەکات بەناوی (یانە چەرمێ).

وەك بەڕێز (هۆشمەن یارئەحەمەد) ی کوڕەزای (ئەفراسیاو بەگ) بۆی ڕوون کردینـەوە، پێشـتر و بەرلـە هێرشی سوپای عوسمانیش (ئەفراسیاوبەگ) هەر لە گونـدی (هانەگەرمڵـە) دا بـوەو، دایکـی خـەڵکی (تەوێڵە) بوە و هەر لەو دەمەوە پەیوەنـدی نێـوان (ئەلەپەشـە) و (ئەفراسـیاو بـەگ) هـەر بـەهێزبوە، کاتێك بـەگزادەکانی (جـوانڕۆ) لـە (جافرسـان) هـەڵ دەگەڕێنـەوە (ئەفراسـیاو بـەگ) داوا دەکـات لـە (جافرسان) کە ئەگەر بیکاتـە (سـان و سـالاری) (هانەگەرمڵـە و گونـدەکانی لهـۆن کەدەکەونـە نێـوان چەمی بیارەو ئاوی زەڵمەوە) ئەویش (جوانڕۆ) ی بۆ دەگرێتەوە.

(جافرسـان) بەداواکـەی (ئەفراسـیاو) ی بـرازای کـە ئـەوکات تـەنها بـەگی (هانەگەرمڵـە) بـوە، رازی دەبێت، (ئەفراسیاو بـەگ) سـوپای گرتنـەوەو ئـازاد کردنـی (جـوانڕۆ) سـاز دەکـات و(ئەلەپەشـە) ش دەکاتـە فەرمانـدەی سـوپاکەی و سـوپا سـالاری خـۆی، لـە هەڵمـەتێکی کـورت خایەنـدا، (جـوانڕۆ) ئەگرنەوەو دەیسپێرنەوە بە دەستی (جافرسان) و خۆیان دەکشێنەوە بەرەو(هانەگەرمڵە).

---

[١] لەهەندێ سەرچاوەی وەك {عبدالرزاق عبدالرحمن محمد ـ سەربوردێکی هەورامان و سەردانێکی تەوێڵە ـ لاپەڕە (١٣٠٥)}. سالّی لەدایك بونی (ئەفراسیاوبەگ ـ سالار) بەسالّی (١٨٤٧) هێنراوە، بەلاّم ئێمە بۆ دەسنیشان کردنی سالّی لەدایك بونی(ئەفراسیاوبەگ ـ سالار)پشتمان بە بەلّگەنامەی بەخشینی ڕەگەزنامەکەی بەستوە کەسالّی (١٩٤١) لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی عراقەوە و بە واژوی وەزیری ناوخۆ پێی بە خشراوە، وێنەی بەلّگە نامەکەش لە پاشکۆی وێنەو بەلّگەنامەکاندا دانراوە.

پاش ماوەیەك و بەر لەوەی (ئەفراسیاو بەگ) ببێتە سان و سالاری ناوچەکە، وەك پێشتر باس کرا سوپای عوسمانی هێرش دەکاتەوە سەر ناوچەکەو بەگزادەکان بە (ئەفراسیاو بەگ) یشەوە بە ناچاری دەکشێنەوە بەرەو(نەوسود و پاوە)، بەلاّم ( ئەلەپەشە) خۆی و هێزەکەی وەك خەلّکی ڕەسەنی ناوچەکە دەمێننەوەو وەك پێشتریش ڕونمان کردەوە، بە تاکتیکێکی سەربازی و کارگێڕی ڕێك دەکەوێت لەگەلّ سوپای عوسمانیداو ناوچەکە لەسوتان و وێران کردن دەپارێزێت و دواتریش لەڕێگەی(جافرسان) وە (ئەفراسیاو بەگ) دەهێنێتەوە بۆ گوندی (هانەگەرملّە) و پاش بەرپابونی جەنگی یەکەمی جیهانی لەسالّی(١٩١٤)دا و وەدەرنانی عوسمانیەکان لەناوچەکە، فەرمانی بە (سان) کردنی (ئەفراسیاوبەگ) لەلایەن (جافرسان) ەوە دەردەکرێت و(ئەفراسیاو بەگ) لە بەگی (هانەگەرملّە) وە دەبێتە (سان و سالار) ی هەورامانی لهۆن لەنێوان هەردو چۆمی (بیارەو زەلّم) دا، کە ناوچەی دەسەلاّتەکەی گوندەکانی (هانەگەرملّە، کەیمنە، بێرواس ـ بێدەرواز، بیارە، نارنجلّە، بنجەو دڕەی، زەردەهالّەو دەرەقەیسەر، خارگێلاّنە، خەرپانی، گولّپ، گەچینە، باخەکۆن، سەرگەتە، هانەو دنی، دەرەو مەڕێ) دەگرێتەوە.

لەکاتێکدا کە (ئەفراسیاو بەگ) هاتوەتەوە گوندی (هانەگەرملّە) بنکەی سەربازی عوسمانیەکانیش هەر لەگوندەکەدا بوە، بەلاّم (ئەلەپەشە) قەناعەت و باوەڕی پێهێناون کە بونی مالّی ئەم پیاوە بەگزادەیە لەگوندەکەدا، دەبێتە زەمانەتێك کە گوندەکەو بنکە سەربازیەکەی ئەوانیش لەهێرش و پەلاماری چەتەکان (کەمەبەستیان دەسەلاّتی بەگزادەکان بوە)ب پارێزێت و هەرواش دەرچوەو بۆ ماوەی یەك سالّ، بنکەی عوسمانیەکان و مالّی (ئەفراسیاو بەگ) یش پێکەوە لەگوندەکەدا بوەو گرفتێکیش بۆ هیچ کامیان پێش نەهاتوە.

دواتر بەهۆی لاواز بونی دەولّەتی عوسمانیەوە لەسالّی (١٩١٤) ز (جافرسان) توانیویەتی هێزەکانی عوسمانی لەناوچەی هەورامان دەربپەڕێنێت [1] و لەسالّەکانی (١٩١٤ ـ ١٩١٨) ز جەنگی جیهانی بەرپا دەبێت و عوسمانیەکان بۆ دواجار ناوچەکە بەجێ دەهێلّن و وەك باسکرا بەپێی ڕێك کەوتنی (ئەفراسیاو بەگ) لەگەلّ (جافرسان) ی مامیدا، گوندەکانی (بیارە، هانەگەرملّە،کەیمنە، بێرواس،

---

[1] عومەر مەعروف بەرزنجی/مەحمود خانی دزلّی شۆڕشگێڕی ڕۆژهەلاّتی کوردستان/لاپەڕە(١٨٠).

خارگێلآنه، خەرپانی، زەردەهاڵە، دەرەقەیسەر، بنجەو دڕەی، گوڵپ، گەچینە، باخەکۆن، سەرگەتە، هانەو دنی، دەرەو مەڕێ) هەمویان یەکلایی دەبنەوە بۆ حوکمی (ئەفراسیاو بەگ) و لێرەوە ناسناوی (سالار) وەر دەگرێت و بەفەرمانی (جافرسان) دەبێتە (سالار و سان) ی ئەو بەشەی هەورامان .

لەپاداشتی ئەم دانایی و لێزانیەیدا (ئەلەپەشە) ش لەلایەن (جافرسان)، سان و سەردارو گەورەی هەورامانەوە، دەکرێتە سەرکاری (سان) بەسەر گوندەکانی سنوری (شاری پاوە) وە تاگوندی (نەوسود).[۱] [۲]

[۱] [۲] سەرچاوەی ئەم زانیاریانە گێڕانەوەی هەردو بەڕێزان (ئەمین میکە عەلی/ کوڕەزای و حاجی محەمەد حەمەکەریم ــ حەمەقەتە/ی کچەزایەتی ) کەلە کۆتایی ئەو سەردەمەدا هەرزەکار بون و شاهیدی هەندێ لەڕوداوەکانی کۆتاییش بون.

(۳)تێنیەك کە سەرنجی نوسەرە: دور نیە دانانی (ئەلەپەشە) بەم سەرکاریە، پلانێك بوبێت بۆی، کەلەڕوکەشدا ڕێز گرتن بوە، بەلآم لەڕاستیدا بۆ دورخستنەوەی بوە لە (ئەفراسیاو بەگ) بۆئەوەی، بەو پێیەی خۆی پشتیوانی هێنان و جێپێ قایم کردنی بوە لەناوچەکەدا، نەوەك مل بەفەرمانەکانی نەدات و لەبەڕێوەبردن و ڕامهێنانی ناوچەکەدا ئاستەنگی بۆ دروست بکات.

## بابەتی کوشتن لەلایەن (ئەلەپەشە) وە

نەیارانی ئەم پیاوە بەمەبەستی شێواندنی مێژوی و لەکەدار کردنی کەسایەتی، هەولێیان داوە وای بناسێنن کە گوایا کەسێکی ستەم کارو بێبەزەیی بوەو بەناڕەوا دەستی چوەتە خوێنی خەڵکەوە.

ئێمەش بۆ بەدوادا چونی ڕاستی ئەم بابەتە، لەچاوپێکەوتنەکانماندا هەولێی زۆرماندا کە پەردە لەسەر دیوە شاراوەکانی ڕوداوەکان لابدەین، ئەو بەڕێزانەی کە قسەیان لەگەڵدا کرا، کوڕەزاو کچەزاکانی بون کە لەنزیکەوەو لەکۆتاییەکانی تەمەنیدا لەگەڵیدا ژیاون و گوێیان لێ گرتوەو پرسیاریشیان لێ کردوە، هەمویان جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوەکە ئەو پیاوە کەسێکی بوێرو چاونەترس بوە و هەمیشە بەهانای ستەم لێ کراوانەوە چوەو هەرچیشی کردبێت تەنها بۆ لادانی ستەمێك بوە لە ستەم لێ کراوێك و سنوردانان بوە بۆ ستەمی داگیر کەرو چەتەو ڕێگرو ستەمکارێك، یان لە شەڕێکی بەرەیی ئاشکرادا دژ بەهێرش بەرێکی دیارو دەسدرێژکار جەنگاوە.

ئەوان هەمویان لەو خاڵەدا یەك دەنگ بوون کەدەیان گوت: (ئەلەپەشە) خۆی گوتویەتی: بەدەستی خۆم تەنها دوو کەسم کوشتوە، بەڵام لەچەندین نەبەردیی تردا بەشداریم کردوە، وەك: بەرەنگار بونەوە و پەلاماردانی سوپای عوسمانی لە سەر ڕێگەی (خورماڵ ــ بیارە) و نزیك دوریانی گوندی (گوڵپ) و لەگوندی (ڕۆستەم بەگ) دژ بە سوپای داگیرکاری بەریتانی و جەنگی (تاران) کەلە نێوان عەشایەرەکانی ناوچەکە و سوپای (قاجار) ڕووی داوە، هەروەها جەنگی (جوانرۆ) بۆ گرتنەوەی ناوچەکە کاتێك بەگەکانی (جوانرۆ) لە فەرمانی (جافرسان) هەڵ گەڕاونەتەوە، جەنگەکانی نێوان بەگزادەکانی هۆن و هەورامانی تەخت و دەرباز کردنی کەسانی دەس بەسەرو ستەم لێکراوی بێدەرەتان، کەدواتر هەندێکیان باسیان لێوە دەکرێت لەم نوسینەدا.

ئەو دوو کەسەش:

**یەکەمیان:** باجگرێکی (عوسمان پاشای جاف) دەبێت، کەئەوکاتە ناوبراو حاکمی هەڵەبجە و هەواداری عوسمانیەکان و دواتریش فەرمانبەری دەوڵەتی عراق بووە بەسەر شاری هەڵەبجەوە.

باجگرەکە لەنێوان هەردو گوندی (بیارە) و(هانە گەرملە) دا دەبێت لەسەر جۆگەی (جوە و کۆی)، بەهۆی سەرانە سەندن و سەخت گیری و سنور بەزاندنیەوە بەناوی پشکنینەوە، زۆر دەهێنێت بۆ خەڵکی ناوچەکە.

(ئەلەپەشە) ش کەبەوەزعەکە دەزانێت، ئەو ستەمەی پێ قەبوڵ ناکرێت و پاش چەند جار لەڕێگەی جۆراوجۆر و ئاگادارکردنەوەی کابرا کەدەست لەو ستەم و سەخت گیریەی هەڵگریت و بێسود بونی هەوڵەکان، بەئاگاداری و ڕەزامەندی (شێخ عومەری بیارە) پلانێکی بۆ دادەنێت و هەوڵ دەدات دەسگیری بکات، بەڵام بێسود دەبێت.

لەم بارەیەوە بەڕێز(عزەت میکە عەلی) کوڕەزای، لەزاری (مەیکە عەلی) باوکیەوە، کەئەویش لە (ئەلەپەشە) حۆیەوە بیستویەتی بەم شێوەیە ڕوداوەکە دەگێڕێتەوە: وەك گوتمان بەئاگاداریی و ڕەزامەندی (شێخ عومەری بیارە) چونکە شێخەکان و بەگزادەکانیش بەسەپاندنی دەسەڵاتی غەیری خۆیان بەسەر ناوچەکەدا نەیار بوون، (ئەلەپەشە) دەیەوێت سنورێك بۆ باجگرەکە و ئەو دەستەش کە لەپشتیەوە بووە دابنێت، بۆیە خۆی پلانی پێویست دادەڕێژێت، سەرەتا کە بڕیار دەدات بچێتە لای و قسەی لەگەڵ بکات، پلان بۆ چەك کردنی دادەنێت، بۆ ئەو مەبەستەش دەرزیی تفەنگەکەی خۆی دەر دەهێنێت و بەرەو خاڵە سنوریەکە و لای کابرای باجگر بەڕێ دەکەوێت، کەدەگاتە لای ئەمیش خۆی وەك چەتە و ڕێگر نیشان دەدات، بۆ ئەوەی کابرا لێی نەترسێت.

بۆیە کابرای باجگر دەس دەبات بۆ کیسە توتنەکەی (ئەلەشە) بۆ ئەوەی جگەرەیەك بپێچێتەوە، (ئەلەپەشە) ش ناهێڵێت و دەڵێت: خۆم بۆت دەپێچمەوە، تا بە بیانوی پێچانەوەی جگەرەکەوە تفەنگەکەی خۆی (کە دەرزیەکەی دەرهێناوە) لەنزیك کابراوە دادەنێت بۆ ئەوەی تەماعی تفەنگەکەی ئەم بیگرێت و تفەنگەکەی خۆی دابنێت، (ئەلەپەشە) دەست دەکات بەپێچانەوەی جگەرە بۆ کابرا، لەوکاتەدا کابرا تفەنگەکەی خۆی دادەنێت و پەلاماری تفەنگە لەکارکەوتوەکەی (ئەلەپەشە) دەدات و ئەخوڕێت بەسەر(ئەلەپەشە) داو پێی دەڵێت: ئادەی ڕوتەو بە..!!

(ئەلەپەشە) ش کە پێشتر نەخشەی کێشاوە بۆ چەك کردنی، زیرەکانە پەلاماری تفەنگەکەی ئەو دەدات و دەس دەگرێت بەسەریدا، بۆیە کابرا زیاتر سەخت گیر دەبێت و دەڵێت: پێم گوتی: چیت پێیە دای بنێ و بڕۆ، بەڵام چونکە (ئەلەپەشە) هەم خۆی نیازی کوشتنی کابرای نەبوە و هەم لەگەڵ (شێخ

عومەر) یش وا رێك کەتون کە هەوڵی دەس گیر کردن و لادانـی بـدات لەسـەر رێگەکـە، بۆیـە هـەوڵ دەدات ناچاری بکات تا پەنا بباتە بەر تەقە کردن و لەوێوە تێ بگات کە تفەنگەکە دەرزی تێدا نیە و خۆی بدات بەدەستەوە، بەڵام کابرا دوای هـەوڵی تەقـەکردن و نائومێـد بـونی لەتفەنگەکـەی دەسـتی، هێشتا هەر خۆی نادات بەدەستەوە و هەوڵ دەدات بە خەنجەر وچەقۆ، هێرش بکاتە سەر (ئەلەپەشـە)، بۆیە ئەویش بەناچاری و بۆ داکۆکی لەخۆی بە تفەنگی کـابرا خـۆی، تەقـەی لێـدەکات و کۆتـایی پـێ دەهێنێـت و هەرچـی شـتو مەکیشـی لەخـەڵك سـەندوە بەسەرپەرشـتی شـێخ، دەی گێڕێتـەوە بـۆ خاوەنەکانی.

دوای چەن ڕۆژێك بابەتی کوشتنی باجگرەکە دەبێتە کێشە و (عوسمان پاشـای جـاف) داوای بکوژەکـە دەکات لە (شێخ عومەر) ی بیارە.

(شـێخ عومــەر) یــش بەمەسـتی گـوم کردنـی، (ئەلەپەشــە) دەنێرێـت بـۆ ناوچـەیەکی دورەدەس، گێڕانەوەیەك دەڵێت: ناوچەی شارباژێڕ و گێڕانەوەیەکیش دەڵێـت: ناوچـەی موکوریـان و نامەیەکیشـی دەداتێ بۆ شێخ و نوێنەرەکانی خۆی لەو ناوچەیەدا تا جێگەی شیاوی بکەنەوەو لەلایان بمێنێتەوە.

بۆ ماوەی یەك ساڵ لەو ناوچەیەدا وەك نوێنەری شێخ دەمێنێتەوە و وەك پیاوێکی ئاینی هەڵسوکەوت دەکات و پۆشاکی شێخایەتیش دەپۆشێت.

لەماوەی ئەو ساڵەدا ماڵ و خێزانی هەرلە گوندەکەی خۆی (هانەگەرمڵە) ماونەتەوە.

پاش یەك ساڵ کێشەکە چارەسەر دەکرێت و(شێخ عومەر) دەنێرێت بەدوایدا و دەگەڕێتەوە بۆ ناوچـە و گوندەکەی خۆی، لەکاتی گەشتنەوەیدا بـۆ گوندەکـەی، پۆشـاکی سـپی شـێخایەتی لەبـەردابوە و لـەو کاتەشدا لەگوندەکـەدا شـاییەك بـەڕێوە بـراوە، شـایی و خۆشـیەکە بوەتـە دوو خۆشـی و (ئەلەپەشـە) خۆیشی بە مێزەر و شاڵ و پۆشاکی شێخایەتیەکەیەوە لەشایی و هەڵ پەڕکێکەدا بەشداری کردوە.

**دوەمیش:** بکوژی برایەکی بوە، لەشەڕێکدا کە لە نێوان بـەگزادەکانی هـۆن و بـەگزادەکانی تەختـدا ڕوو دەدات و لەو شەڕەدا کەبە (جەنگ و تەپو تلەوەری) ناو دەبرێـت (یـار ئەحمـەد ــ یـارە پەشـە) ی برای دەکوژرێت و لەتۆڵەی خوێنی برا کوژراوەکەیدا، لەگەڵ (بارام ـ بالەپەشە) ی برای شـوێن بەشـەڕ هاتوەکان دەکەون و فرسەتیان لێ دەهێنن و بکوژی براکەیان دەکوژنەوە.

ئەو جەنگەش بەم شێوەیە ڕوو دەدات: سوپای (مەحمود خـان) و (بـەگزادەکانی نـەویّ و بەردەبـەل) و لەدیوی ئێرانیشەوە جەنگاوەر و بەگزادەکانی ناوچەی مەریوان و گوندەکانی دەوروبەری، کە هـەمویان هاوپەیمان و لەژێر ڕکێفی (مـەحمودخانی دزلّـی) دابـوون، بەفەرمانـدەیی (مەجیـد بـەگ) ی ئـامۆزای (مەحمودخان) کەبە (وەرگەبۆر) ناوبراوە، هێرش دەکەنە سـەر ناوچـەی هـۆن و جـەنگ و هێرشـەکەش بەمەبەستی سنور دانـان بـۆ دەسـەلاّتی سـانەکانی هـۆن و لەتۆلّـەی ئـەوەدا بـووە کەپێشـتر کـوڕێکی (نەسـرولاّ بـەگ) و بـرای (مەجیـد بـەگ) بـەناوی (عەبدولاّبـەگ) ەوە لەلایـەن نوێنـەری سـانەکانی هەورامانەوە کوژراوە (دواتر باس لەهۆکاری کوشتنەکەی دەکرێـت)، بەسـوپایەکی گـەورەوە هێرشـیان کردوەتە سەر ناوچەکانی هۆن و بەنیاز بوون و بڕیاریان وا دەبێت کە (هانەگەرملّە و نەوسود) بگـرن و هەموو گوندەکانیشیان بسوتێنن و تالاّنیان بکەن.

لـەم بارەیـەوە وتەیـەکی بـەناوبانگی (مەجیـد بـەگ ـــ وەرگـەبۆر) هەیـە کەگوتویـەتی: دەبێـت لەسەر(حەوزەلارەی نەوسود) ئاهەنگی سەرکەوتن بگێڕم.

بەلاّم ئاراستەی جەنگەکە بەپێچەوانەوە دەشکێتەوە و سوپای (تەخت) ڕووبەڕووی شکسـتێکی گـەورە دەبێتەوە و تەنانەت فەرماندەکەشی (مەجید بەگ ـ وەرگەبۆر) بریندار دەبێت و دواییش گیان لەدەس دەدات و قورسـترین ڕووبەڕوبونـەوەی ئـەو شـەڕەش لەدامـەنی گـردی (تـەپو تلـەوەری) نزیـك گونـدی (گولّـپ) دەبێـت و ئـیتر لـەویّ بـەدوا سـوپای (تـەخت) هـەلّ دێـن و بـەرەو ناوچـەکانی خۆیـان دەکشـێنەوەو(یـارە پەشـەی) بـرای (ئەلەپەشـە) ش بـەخۆی و یەکینەکانیـەوە، شـوێن سـوپا شکسـت خواردوەکـە دەکـەوێت تـا نێـوان گونـدی (بانیشـار) ی سـەروو و گونـدەکانی (نـەویّ و بەردەبـەل) و لەئاکامدا(یارەپەشە) لەسەر یالێك دەکوژرێت کە تائێستاش بەو شاخە دەگوترێت: (ملـەی ئەلەپەشـە و یارەپەشە) و ێنەی ئەو شاخەش لەپاشکۆی وێنە و بەلّگە نامەکاندا دانراوە.

کە هەوالّی کوژران و هێنانەوەی تەرمی (یارەپەشە) ی برای دەگات بە (ئەلەپەشـە)، فـەرمان دەکـات لەجێگەیەکی فێنکدا تەرمەکەی دابنێن و نەی نێژن تا بکوژەکەی بدۆزێتـەوە و بیکوژێتـەوە، بـۆ ئـەو مەبەستە لەگەلّ (بارام ـ بالەپەشە) ی برای و یەکینەیەکی شەڕ کەریاندا ڕوو دەکەنە شوێنی کـوژرانی براکەیان و سوپا شکست خواردوەکەی (تەخت).

بۆ ئەوەی لەتۆڵە کردنەوەکەدا نەکەوێتە هەڵـەوە، (ئەلەپەشـە)کەسـێکی سەرناسـی خزمـی خـۆی کـە خەڵکی گوندی (زەڵم) و ناوی (مەحمود/ خولە و خاسەی) بووە، دەکاتە حەکەم تا بکـوژی براکـەی بـۆ دەسنیشان بکات و سەرەڕێی گەڕانەوەی سوپا شکست خواردوەکەی گرتوە و بـە حەکەمەکـەی گوتـوە تـۆ سـەرنج بـدە و بکوژەکـەم بـۆ دەسنیشـان بکـە، ئـەویش کەسـێکی بـۆ دەسنیشـان کـردوە و کـە (ئەلەپەشە) خوڕیویەتی بەسەر کابرادا تا ڕاوەستێت، کابرا کەزانیویەتی (ئەلەپەشە) یە خێـرا تفـەنگ و فیشـەك لۆخەکـەی لـەخۆی کردوەتـەوە و وەك دەربڕێنێـك بـۆ بێتـاوانی خـۆی، تفـەنگ و فیشـەك لۆخەکەی هەڵ داونەتە بەردەم (ئەلەپەشە) و گوتویەتی: تۆ غەریبی لەم ناوچەیەدا و فیشەك لە ئاو و نان زەرور ترە بۆ تۆ، ئەمەش هێمایەکە بۆ بێتاوانی و ئەستۆ پاکی من لەکوشتنی براکەتدا و دەرفـەتم بدەرێ تا ناونیشانی بکوژی براکەشت بـدەمێ، ناونیشـانی کەسـێکی تریـان دەداتـێ کـە ئـەویش لـەو شەڕەدا بەشدار بووە، (ئەلەپەشە) ش حەکەمەکـەی بـانگ دەکـات و لێـی دەپرسـێت: چـی دەڵێیـت: ئەوکەسە دەناسی و لەم شەڕەدا بەشدار بووە..؟.

حەکەمەکەش دان دەنێت بە گوتەو زانیاریەکانی کابرادا و ڕێگەی دەدەن تا بڕوات، بەرە و ناونیشـانی کابرای تر بەڕێ دەکەون و فرسەتی لێ دەهێنن و تۆڵەی لێدەکەنەوە، ئەوجا(ئەلەپەشـە) دەگەڕێتـەوە و ڕێگە بەکفن و دفنی براکەی دەدات.

بەپێی لێکدانـەوەکانی نوسـەر، پێدەچـێت ئـەم شـەڕە کەبەشـەڕی (تەپوتلـەوەری) نـاونراوە، لـەنیوەی دووەمی دەیەی دووەمی سەدەی بیستدا ڕوی دابێت، چونکە شەڕی (کەشی چەرمە یـان شـەڕی تەتـە) کە لەنێوان سوپای (ئێران و هۆن) یەکاندا ڕووی داوە و (ئەلەپەشـە) ش برینـدار بـووە تیایـدا، بـەپێی زانیاریە زارەکیەکانی (هۆشـمـەن بـەگ) ی کـوڕەزای (سـالار) لەسـاڵی (١٩٣٣) ز ڕووی داوە و کاتێـك (ئەلەپەشە) بەبرینـداری و بـەنهێنی لەهەڵەبجـە و لـەماڵی (عـەلی بـەگی ئەحمـەد بـەگی ڕیشـێن) دا دەبێت، کە ئەو کات (عەلی بەگ) لەدەوڵەتدا مەندوب دەبێت، مەترسیی تۆڵە کردنەوەی ڕوداوەکـانی پێش هێرشی (تەختیەکان) ی لەسەر دەبێت و بەو هۆیەوە دەگوێزرێتەوە بۆ گوندی (تەپەسەرەقوڵە) ی شارەزور بۆ ماڵی (ئیبراهیم بەگی ئەحمەد بەگ).

لەو کاتەدا ئەم سێ کەسە (ئەلەپەشە، حەبیب خۆرشە، فەتحوڵا/فەتە) لـە هـەردوو دەوڵـەتی (ئێـران و عێراق) قاچـاخ دەبـن، (ئەلەپەشـە) بـەهۆی برینەکەیـەوە بـەو شـێوەی کەباسـکرا حەشـار دەدرێـت و

دوانەکەی تریش لەگوندی (بۆین) و لە ئەشکەوتی (کەورگی سالار) خۆیان حەشار دەدەن و کەسێك بەناوی (عەلی مەحمود محەممەد/عەلی سور) نان و ئاوو خۆراکی بۆ دابین کردوون، دوای ئەوەی ئەو ناوچەیەیان بەجێ هێشتووە گوتویانە بە (عەلی سور) لەپاداشتی ئەم چاکە کاریەتدا، لەفلانە شوێندا تفەنگێکمان بۆ بەجێهێشتوی برۆ بیبە بۆ خۆت.

## لەڕوی کۆمەلآیەتیەوە

(ئەلەپەشە) دوو برای هەبوە بەناوەکانی (بارام، یار ئەحمەد) کە بە (بالە پەشە و یارە پەشە) ناوبانگیان هەبووە، یەك خوشکی هەبووە بەناوی (زەریفێ).

خوشکەکەی (زەریفێ) لەگوندی (دزڵی) شوی کردوە.

(یار ئەحمەد) ی برای (سێ) کچی هەبوە و وەك باسکرا لەشەڕدا لەبەرەی هۆنیاندا دەکوژرێت، (بارام) ی براشی (سێ)کوڕ و (چوار) کچی هەبووە، بەناوەکانی (کەیخەسرەو، محەممەد، سەعید، بەیزا، لەیلی، مەنیجە، زوبەیدە).

(بارام) ی برایشی دواتر بەهۆی لایەنگیری کردنیەوە بۆ کێشەی چەند کەسێك لەخزمانی (بیارە) یانەوە، لەلایەن دەوڵەتی عراقیەوە داواکراو دەبێت و خۆی نادات بەدەستەوە و بەو هۆیەوە قاچاخ دەبێت.

وەك بەڕێز کاك (حاجی یاسین حەمەکەریم) لەزاری ڕەحمەتی کاك (نادر هەورامی) ەوە کە ئەوکات تەمەنی لەدەوری (١٠ ـ ١٢) ساڵاندا بوە و(بارام) ی برای (ئەلەپەشە) باوەپیارەی بووە، چیرۆکی کوشتنەکەی بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە:

وەك گوتمان: قاچاخ بوە و پۆلیسی دەوڵەتی عراق شوێن پێی هەڵ دەگرن و شەوێك لە ناو باخی (هانە چیاڵە) ی نزیك گوندی (نارنجڵە) لەگەڵ یەکێك لەخێزانەکانیدا لەکاتی حەوانەوەیاندا، پۆلیسی

دەوڵەتی عـراق، هـەڵ دەکوتنـە سـەری و داوای خـۆ بەدەسـتەوە دانـی لـێ دەکـەن و ئـەویش دەسـتی بەتفەنگ ناگات، بۆیـە بەناچـاری هـەڵ دێـت و لـە تەڵانـە باخێکـەوە خـۆی هـەڵ دەداتـە خـوارەوە و پۆلیسەکانیش بەئاسمانەوە تەقـەی لـێ دەکـەن و برینـداری دەکـەن، چـونکە هـاوار ناکـات و شـەویش دەبێـت، پۆلیسـەکان نـازانن پێکاویانـە تـا بچـنە سـەری و دەسـگیری بکـەن، وادەزانـن هـەڵ هـاتوە لەدەسـیان، بۆیـە پـاش پشـکنینی ماڵەکـەی، ناوچـەکە بـەجێ دەهـێڵن، دوای ئـەوان خێزانەکـەی دەچنەسـەری و تێدەگـەن کەلەیەکـەم دەسـڕێژدا پێکـراوە و هـەم بـەهۆی کەوتنەکـەوە و هـەم بـەهۆی پێکرانەکەیەوە گیان دەسپێرێت و دەگەڕێتەوە بارەگای حەق، هەرلەگوندی (نارنجڵە) ئەسـپەردەی خـاك دەکرێت و ئێستاش مەزارەکەی لەگۆڕستانی ئەو گوندەدایە.

بەپێی ساڵی لـەدایك بـونی کـاك (نـادر) کـە لـەدایك بـوی سـاڵی (١٩٣٦) ە و لەوکاتـەدا وەك خـۆی گێڕاویەتەوە تەمەنی (١٠-١٢) ساڵان بووە، ڕوداوی کوژرانی (بارام ـ باڵەپەشە) ی بـرای (ئەلەپەشـە) بەنزیکی لە هاوینی ساڵی (١٩٤٦) دا بووە.

(ئەلەپەشە) (حەوت) کچ و(دوو) کوڕی هەبووە بەناوەکانی (عەینا، ئەمنە، ئامینە، نەهیـە، قەتحـە، فاتمە، گوڵ عوزار ـ عوزرا)، کوڕەکانیشی بەناوەکانی (مەیکە، عەزیز).

(ئامینەو فاتمە) ی کچی لە (هانە گەرمڵە) شویان کـردوە و (نەهیـە) لـە (خـارگێڵان) و (عـوزرا) لـە (هەڵەبجە) و (قەتحە و ئەمنە) ش لە (گوڵپ) شویان کردوە.

کوڕەکانیشی هەردوکیان لە گوندی (گوڵپ) نیشتەجێ بون:

١.(مەیکە عەلی عەزیز) لەدایك بوی ساڵی ( ١٨٩٨) عیساییە و، لەچوار چێوەی سوپاکەی (مەحمود خانی دزڵی) دا بەشداری جەنگی دژبە داگیرکاری بەریتانیـەکانی کـردوە و یـەکێك بـووە لـەو (٤٠٠) چەکدارەی کە لەساڵی (١٩١٨) دا هاتن بەهانای دەسەڵاتەکەی (مـەلیك مـەحمود) ەوە و سـلێمانییان ئازاد کرد، دواتر لە شەڕی بانی مەقاندا بریندار بوە و تا کاتی وەفاتیشـی شـوێنەواری تیرێـك بەسـەر شانیەوە ماوەتەوە و نوسەر ئەو شوێنەوارەی بینیوە.

(مەیکە عەلی) بەهۆی وەفاتی یەك لەدوای یەکی هاوسەرەکانیەوە، (سێ) جار هاوسەرگیری کردوە و ژنەکانی ناویان (حەلاو، عەینا، عائیشە) بووە.

لەهەرسێ خێزانەکەی (٨ کوڕ و ٦ کچی بۆ ماوە) کوڕەکانی ناویان: (کەریم، ئەمین، زاهیر، تاهر، عارف، عزەت، مەهدی، ئیبراهیم) بوە و کچەکانیشی ناویان: (حەنیفە، خەدیجە، توبا، حەفسە، حومەیرا، حەسیبە) بووە، نوسەری ئەم ژیان نامەیە بچوکترین کوڕ و منداڵیەتی و لە هاوژینی سێیەمی بووە، کەناوی (عائیشە غەفور عەبداللە) بوە و (عائشە) لەتەمەنی (٨٤)ساڵیدا کۆچی دوایی کردوەو لە گۆڕستانی (سەیوان) لەشاری (سلێمانی) ئەسپەردەی خاك کراوە و وێنەی ئارامگاکەی لەپاشکۆی وێنە و بەڵگە نامەکاندا دانراوە

(مەیکە عەلی) لە بەرواری ( ٢/٢٥/ ١٩٧٩) لە شارۆچکەی خورماڵ و لەتەمەنی (٨١) ساڵیدا کۆچی دوایی کردوە و ئارامگای لەگۆڕستانی (خورماڵ) ە، وێنەی ئارامگاکەی لەپاشکۆی وێنەو بەڵگە نامەکاندا دانراوە.

٢.(عەزیز عەلی عەزیز) لە (گوڵپ) هاوسەر گیری کردوە و هاوژینی ناوی (زینەت) بوە و دوو کچی هەبووە بەناوەکانی (حەمدیە، سەعدیە) و یەك کوڕی هەبووە بەناوی (کاکەخان) بەداخەوە لەکاتی پاك نوس کردنی ئەم ژیان نامەیەدا و لەبەرواری (٢٠١٩/٥/٢٨) کۆچی دوایی کرد.

(عەزیز) ساڵی (١٩٨٠) کۆچی دوایی کردوە و ئارامگای هەر لە قەبرسانی خورماڵ و لەتەنیشت ئارامگای (مەیکە) ی برا گەورەیدایە.

## فراوان بونی دەسەڵاتی (ئەفراسیاو بەگ) و ڕۆڵی (ئەلەپەشە)

پاش ئەوەی عوسمانیەکان ناوچەکە جێدەهێڵن و دواجار کۆتایی بەدەسەڵاتیان دێت، ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان دیسانەوە لەلایەن دەسەڵاتە خۆجێییەکانەوە بەڕێوە دەبرێن.

هەورامانیش بەپێی جوگرافیاکەی، دابەش دەبێت بەسەر دوبەشی (لهۆن) و (تەخت) داو لەلایەن (سان) و (خان) ە کانەوە بەڕێوە دەبرێت.

بەشی هەورامانی (لهۆن) کەبریتی بوە لە ڕۆژهەڵاتەوە لە شاری (پاوە) و لە ڕۆژئاواشەوە تا ئاوی (زەڵم)، بەدەستی بنەماڵەی (جەعفەر سوڵتان) و سانەکانی بنەماڵەکەیانەوە بوە.

بەشی هەورامانی (تەخت) یش کەبریتی بوە لەشارەدێی (هەورامانی تەخت) و گوندەکانی دەوروبەری و (دزڵی) و دۆڵی شامیان و (بارام ئاوا) و تاسنوری شاری (مەریوان)، و لەدیوی باشوریشەوە بەدەستە ڕاستی ئاوی (زەڵم) ەوە تا بەشێك لەشارەزورو (بناری سورێن)، بەدەست (عەزیزخانی دزڵی) و خانزادەکانی بنەماڵەکەیەوە بوە کەدیارترینیان (مەحمودخانی دزڵی) بووە.

(ئەفراسیاوبەگ) یش کەلێرە بەدوا بوە بە (سان و سالار) ی ناوچەکە و ئێمەش لێرە بەدوا لەم نوسینەدا هەر بەوناوەوە ناوی دەبەین، دەبێتە حاکم وسانی قسە ڕۆیشتوی گوندەکانی لهۆن لەدیوی باشورەوە، واتە: نێوان هەردو ئاوی چەمی بیارەو ئاوی زەڵم.

پێتەختی دەسەڵاتیشی لەوکاتەدا لەگوندی (هانەگەرمڵە) دەبێت و پاش سەر هەڵ دانی ناکۆکی لەنێوان سانەکانی لهۆن و دەسەڵاتی شاهەنشایی ئێران، دواتر دێتە گوندی (سەرگەت).

لەم قۆناغەدا(سالار) بۆ بەڕێوە بردنی سنوری دەسەڵاتەکەی، پشت بە چەن کەسایەتیەکی دیاری ناوچەکە دەبەستێت و وەك ئەنجومەنێکی سەرکردایەتی هەریەکەو لەبوارێکدا بەشداری بەڕێوە بردنی ناوچەکە دەکەن.

دیار ترینی ئەو کەسایەتیانە (ئەلەپەشە، نەسروڵابەگی سەرگەت، کاکە ڕەش، حەمەی سلێمان، مینەو عەدێ، ئەلەی حەمەد بەگ) دەبن.

(مەلا ئەحمەدی کەیمنە موفتی و ڕاوێژکاری ئاینی بووە، شێخ ئەحمەدی سەرگەت (کاتب و نوسەری) گرێبەست و نوسراوەکانی بووە.

(ئەلەپەشە) وەك بەڕێز (هۆشمەن یارئەحمەد بەگ) و بەڕێز (هۆشیار کەریم بەگ) کوڕەزاکانی (سالار) دەڵێن: وەك سوپاسالاری هێزی چەکداری ناوچەکە بوەو یەکێك بوە لەکەسە نزیکەکان لە (سالار) ەوەو مەحرەمی حەرەم سەراو هاوڕازی بڕیارەکانی بووە، سەرکردایەتی زۆربەی جەنگەکانی بەگزادەکانی کردوە لە جەنگەکانیاندا لەگەڵ سوپای عوسمانی و دەوڵەتی ئێران و جەنگە ناوخۆییەکانیانیادا، لەو جەنگانەش: شەڕی(کەشی چەرمە ـ شەڕی شاخی تەتە، شەڕی تاران) کەئەم شەڕانە لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی ئێراندا کراون وەك پێشتر باسکرا (ئەلەپەشە) لەشەڕی (کەشی چەرمە) دا کەلە ساڵی (١٩٣٣) داو لەنێوان سوپای سانەکانی هۆن و سوپای دەوڵەتی ئێراندا ڕوی داوە، برینداردەبێت و لەبەر سەختی برینەکەی بەنهێنی دەگوێزرێتەوە بۆ شاری هەڵەبجە و بەمەبەستی چارەسەر کردنی بۆ ماوەیەك لەماڵی (عەلی بەگی ئەحمەد بەگی ریشێن) دا دەمێنێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە لەلایەن دەوڵەتی عراق و بەگزادەکانی تەختیشەوە هەر داواکراو بوە، بەمەبەستی پاراستنی گیانی، دەگوێزرێتەوە بۆ گوندی (تەپەسەرەقوڵە) لەشارەزورو دەبرێتە ماڵی یەکێك لەهەوادارانی بەناوی (ئیبراهیم بەگ) و لەوێ چارەسەر وەردەگرێت و دواتر دەگەڕێتەوە بۆ گوندی (هانەگەرمڵە).

یەکەم روبەرو بونەوەی نێوان (سانەکانی هۆن) و (خانەکانی تەخت و دزڵی) بەهۆی وەرگرتنی پوشانەی شارەزورو گوندەکانی بناری چیای (سورێن) ەوە سەر هەڵ دەدات، کە (خانەکان) لەسنوری دەسەڵاتی (سانەکان) دا، پوشانەو سەرانەیان لەخەڵکی شوانکارەو رەوەندەکانی جاف وەرگرتووە.

بۆ چارەسەری ئەم گرفتە (سانەکان) ی هۆن شاندێکی چوار کەسی بەسەرپەرشتی (ئەلەپەشە) دەنێرنە بناری سورێن تا قسە بکەن لەگەڵ سەرکارو بەگزادەکانی سەربە (مەحمودخان) لەناوچەکەداو تێیان بگەیەنن کە ئەو ناوچانە لەسنوری دەسەڵاتی ئەواندایەو دەس لەوەرگرتنی سەرانە و پوشانەو باج وەرگرتن لەخەڵکی ڕەوەندو شوانکارەکان هەڵگرن.

بەداخەوە بەهۆی گرژ بونی ئاراستەی گفت و گۆکانیانەوە لە جێگەیەکدا بەناوی (کەلەبەرەو شارەزوریا) روبەڕو بونەوەی چەکداری لەنێوانیاندا روو دەدات و کەسێك لەدەستەو یەکینەکەی

(ئەلەپەشە) دەکوژرێت و ئەمانیش لێیـان دێنـەوە دەس و دو کـەس لـەوان دەکوژنـەوەو هـەڵ دێنـەوە بەرەو گوندی (هانەگەرمڵە).

دواتر بەو هۆیەوە (سوپای مەحمودخان) کەلە چەکداری هۆزەکانی دەورو بەری مەریوان و گونـدەکانی بناری سورێن پێك دێت، بەڕابەرایەتی (مەجید بەگ ـ وەرگـەبۆر) ی ئـامۆزای (مـەحمودخان)، هێـرش دەبەنە سەر گوندەکانی ناوچەی لهۆن و دەسـیان بەهـەر گونـدێك دەگـات دەیسـوتێنن و خەڵکەکەشـی ئاوارە دەکەن. سەرەتای هێرشەکە بە هەڵ کوتانە سەر گوندی (خارگێلآن) دەس پیێ دەکات و دواتر تـا نزیك بەگونـدی (هانەگەرمڵـە) دەڕۆن و لـەوێ سـەرکردەی سـوپاکەیان (مەجیـد بـەگ ــ وەرگـە بـۆر) بەسەختی بریندار دەبێت و دواتر بەو هۆیەوە گیان لەدەست ئەدات و سوپاکەیان بەناچاری دەکشێتەوە بەرەو ناوچەکانی خۆیان.

## دانانی (ئەلەپەشە) وەك سەركار لەلایەن (سالار) ەوە

وەك باسكرا ناوچەكە یەكلایی بویەوە بۆ (سالار) و ئەویش بەمەبەستی دابین كردنی سەرچاوەی بـژێوی بۆ حەرەم سەراكانی و دەسەڵاتەكەی، چەند هەنگاوێكی هەڵ گرت لەوانە:

گوندی (عەنەب) و زەویەكانی دەوروبـەری لەبـەگزادەكانی (عەبابـەیلێ) دەكڕێـت، بـەڵام لەبـەر دوری دەسەڵاتی (سالار) لە ناوچـەكەوە، دوای سـەودای كڕینەكـە خـاوەن مولْـك و جوتیارەكـانی گوندەكـە، بەدنەی مەلاك و بەگزادەكان، مل نادەن بەسەركارەكانی (سالار) و مولْكانەو پێنج یەكی پێنادەن.

بۆ چارەسەری ئەم گرفتە (سالار) داوادەكات لە (ئەلەپەشە) واز لەسەركاری (پاوەو نەوسود) بێنێـت و ببێتە سەركاری ئەو لەسەر گوندی (عەنەب) و زەوی و باخەكانی دەوروبەری.

بۆماوەی حەوت ساڵ (ئەلەپەشە) سەركاریی گونـدی (عەنـەب و دەورو بـەری) دەكـات و ژیرانـە ڕێـك دەكەوێت لەگەڵ خەڵكە هـەژارو جوتیارەكـانی گوندەكـەداو دەسـتی كۆنـە مەلاكـەكان دور دەخاتـەوە لەگوندەكەو لەسەر بنەمای (نەشیش بسوتێ و نەكەباب) جوتیارەكانیش ڕادەهێنێت مولْكانـە بـدەن و زەوی و باخەكانیان بەرهەم بهێنن.

لەم بارەیەوە بـەڕێز (حـاجی موحەمـەدی مامـە ڕەشـە) ڕیـش سـپی گونـدی (عەنـەب) كـە لـە ڕۆژی ٢٠١٩/٦/١٣ چوینە سەردانی و لەماڵی خۆیانـدا چـاوپێ كـەوتنمان لەگەڵیـدا سـاز كـردو وێنـەی ئـەو دیدارەش لە پاشكۆی وێنەو بەڵگە نامەكانـدا دانـراوە دەڵێـت: پێشـتر بـەگ زادەكـانی (عەبابـەیلێ) (پێنج یەك)واتە: لە (٥) تەنەكە (١) تەنەكە حاسڵاتی زەوی وزاریان لەخەڵكی ئەم گوندانە وەرگرتوە، بەڵام كاتێك (ئەلەپەشە) دێتە ئەم ناوچەیەوەو دەبێتە سەركار بەسەریەوە، ڕێژەی مولْكانەكـە دەكـات بە (دەیەك) واتە: لە (١٠) تەنەكە (١) تەنەكەو ئاسان كاری زۆر دەكـات لەگـەڵ خـەڵكی ناوچـەكەدا، بۆیە تا ئیستاش ناوی (ئەلەپەشە) وەك هێمایەك بۆ توندو تۆڵی كارگێری و بەڕێوە بردن، لەسـەر زاری خەڵكی ناوچەكە هەر ماوەتەوە.

لەماوەی ئەو حەوت ساڵەدا (ئەلەپەشە) لەڕوی داراییەوە ژیان و گوزەرانی باشتر دەبێت و(سالار) یـش بەناچاری چاوپۆشی لەبڕیارەكانی و شێوازی ئیدارەدانەكەی دەكات.

(ئەلەپەشە) لەم سەردەمەی تەمەنیدا بە ئەسپێکی خۆڵە مێشیەوە هاتوچۆی نێوان (هانەگەرمڵە) و(عەنەب) ی کردوەو خۆشەویستی ناو جوتیارەکانی ناوچەکەبوەو لەهەمان کاتیشدا قسە ڕۆیشتوو و بەهەیبەتیش بووە، چونکە لێزانانە هاوسەنگی نێوان هەردولای پاراستووە.

## سەر هەڵدانی ناکۆکی نێوان (ئەلەپەشە) و (سالار)

پێشتر ئاماژەمان کرد بەوەی کە لەو ماوەیەدا(سالار) هەستی بەدەرکەوتنی زیاتری (ئەلەپەشە) دەکردو ئەم حاڵەتەش بوبویە مایەی نیگەرانی بۆ(سالار).

بۆیە (سالار) لەفرسەت گەڕاوە تاسنورێك دابنێت بۆ ئەو کەسەی کە ڕێگە خۆشکەر بوە بۆ هاتنەوەی خۆی بۆ ناوچەکەو دالدەدانی تا کشانەوەی عوسمانیەکان لەناوچەکەو دواتر پشتیوانی کردنی تابونی بە سالاری ناوچەکە، بەلاّم ئێستا (سالار) بەدەرکەوتن و بالاّدەس بونی ئەوکەسە نیگەرانەو دەیەوێت سنورێکی بۆ دابنێت.

لەم سەرو بەندەدا یەکێك لە براکانی (ئەلەپەشە) لەکارێکدا مل بەداوایەکی (سالار) نادات و نافەرمانی دەکات، (سالار) یش ئەو هەلە لەکیس نادات و بڕیار دەدات بەسزادانی براکەی (ئەلەپەشە) بەسزای یەك تمەن جەریمەو خسنە ناو حەوزی مزگەوت.

کاتێك (ئەلەپەشە) ئاگادار دەبێت بەبڕیارەکەی (سالار)، دەچێتە لای و داوای لێدەکات بەبڕیارەکەیدا بچێتەوەو دەس لەسزادانی براکەی هەڵگرێت، بەلاّم (سالار) پێداگری دەکات لەسەر بڕیاری سزادانەکەو دەڵێت: هەردەبێت سزا بدرێت.

لەقۆناغی دوەمدا (ئەلەپەشە) داوا دەکات لە (سالار) و پێی دەڵێت: مادام دەس لەبڕیارەکەت هەڵ ناگریت، لەبەر خاتری من سزاکەی سوك بکەو تمەنە جەریمەکەی لێبسێنە، بەلاّم مەیخەرە حەوزی مزگەوتەوە، چونکە ئەوە لەگەڵ شکۆی ئێمەو پەیوەندیمان لەگەڵ تۆدا ناگونجێت.

بەداخەوە (سالار) سەرسەختانە پێداگری لەسەر بڕیارەکەی دەکات، بۆیە(ئەلەپەشە)و براکانی و بنەماڵەو کوڕەکانی یاخی دەبن لە (سالار) و مل بە بڕیارەکەی نادەن.

بەهۆی ئەم هەڵگەڕانەوەو یاخی بونەوە (ئەلەپەشە) هەواڵ دەنێرێت بۆ (شێخ حسامەدین) و تێی ئەگەیەنێت کەبەنیازە (هانەگەرمڵە) بەجێ بهێڵێت و بێتە گوندی (گوڵپ).

(حسامەدین) یش زوو بەدەم داواکەیەوە دەچێت و چەند کەسێك بەولاّخی بەرزەو هێسرەوە دەنێرێت بەهانایەوە تا هاوکاری خۆی و بنەماڵەکەی بن و کارئاسنی زۆری بۆدەکات .

بەڕێزو شکۆیەکی شایستەوە ناوبراوو بنەماڵەکەی دێنە (گوڵپ) و بەهۆی ئەوەوە کەپێشتریش ماڵی (ئەمنە) ی کچی لەو گوندەدا نیشتەجێ بون، لەڕێوە بۆ ماوەیەکی کورت لەماڵی کچەکەیدا دەمێنێتەوە و دواتر خانوو دروست دەکات و بنەماڵەکەی دەگوێزێتەوە خانوی خۆی. پاش ماوەیەك (حسامەدین) دەیکاتە سەرکاری خۆی لەسەر موڵك و زەویە بەراوەکانی لەبەردەم جۆگەکانی (وڵە وسێنان، قولنگە چینە، جۆگەی شێخ و تادەگاتە گوندی تەپەکەل لەناوجەرگەی شارەزور).

بەمەش (ئەلەپەشە) دەچێتەوە دۆخەکەی جارانی و باشتریش و سەر لەنوێ دەبوژێتەوە، وادەردەکەوێت پاش نەمانی حوکمی (سالار) بەسەر گوندەکەوە (بارام) ی برای دەچێتەوە بۆ گوندی (هانەگەرملە) تا سەرپەرشتی باخ و موڵکەکانیان بکات.

(ئەلەپەشە) و کوڕەکانیشی لە (گوڵپ) نیشتەجێ دەبن و دەمێننەوە تاساڵی (١٩٥٩) ز خۆی بەڕەحمەتی خوا دەچێت وهەر لەوێ ئەسپەردەی خاك دەکرێت. (١)

شایانی وتنە کە ئەم پیاوە بەدرێژایی تەمەنی، کەسێکی خواپەرست و ڕولە خوابوەو دایکی نوسەری ئەم بابەتە، کەبوکی ناوبراو بوەو کوڕەزاکانیشی شاهیدی ئەوەی بۆ دەدەن کەنوێژ خوێن و ڕۆژوگر و پابەندی ئاین بوە،لەم بارەیەوە (عارف میکە عەلی) کوڕەزای دەڵێت: جاروبار باپیرەم بانگی دەکردم و دەیوت: وەرە سورەتی یاسین بخوێنە بەسەرما، منیش دەمخوێند تا خەوی لێ دەکەوت، جارێکیان پێم وت: باپیرە یاسین بۆ مردوە، باپیرەش پێی وتم: نا کوڕم یاسین شیفایە.

(١) گێڕانەوەی سەر هەڵدانی ئەم ناکۆکیەو شێوازی بارکردنی (ئەلەپەشە) لە(هانەگەرملە) وە بۆ(گوڵپ) لەزاری بەڕێز(حاجی محەمەد حەمەکەریم ڕەحمان ـ حەمەقەتە) وەرگیراوە، ئەویش دەڵێت: خۆم لەباپیرەم بیستومە، بەڵام کەسیتر ئەم بابەتەی پشت ڕاس نەکردەوەو بەڕێز(هۆشمەن یار ئەحمەد) یش وتی: ئەگونجێت ئەم ڕوداوە ڕوی دابێت.

## قاچاخ  بونی (سالار) و دواتر گواستنەوەی پێتەختی حوکمی لە (هانەگەرمڵە) وە بۆ (سەرگەت)

پاش سەرهەڵدانی ناکۆکی لەنێوان شای ئێران وسان و بەگزادەکانی هەورامان و بەرپا بونی چەندین شەڕو ڕوبەڕوبونەوە لەنێوانیاندا، لەساڵی (١٩٣٣) ز ئێران هێرش دەکاتە سەر شاری(پاوە و نەوسود)و هەروەها(هانەگەرمڵە) و خەڵکەکەشی بەئاوارەیی ڕوودەکەنە گوندەکانی تری هەورامان لەدیوی عراقەوە، پاشماوەی بنەماڵەی (ئەلەپەشە) ش لەم ڕەوەدا ڕو لەگوندی (گوڵپ) دەکەن.

بەو هۆیەشەوە دەسەلاتی ئەودەمی (عراق) زۆربەی پیاوە دیارەکانی (هانەگەرمڵە) بە (ئەلەپەشە) و (بالەپەشە) ی برای و(مەیکە) ی کوڕیشیەوە، دەسگیر دەکەن و ڕەوانەی شاری (کەرکوك) یان دەکەن و بۆ ماوەی چەند مانگێك لەوێ بەدەس بەسەری دەمێننەوە، دواتر لەڕێگەی دۆستێکیانەوە کار ئاسانیان بۆ دەکرێت وهەڵ دێن و دەگەڕێنەوە ناوچەکەی خۆیان.

(سالار) و دەست و پێوەندە نزیکەکانیشی هەر لەناوچەکەدا دەمێننەوە، تا زستانیان بەسەردا دێتو (سالار) ناچار دەبێت ناوچەکە بەجێ بهێڵێت و ڕوو لە (کەرکوك) بکات و لەوێ خۆی بەشێخ (جەمیل) ناوێك  دەناسێنێت و پێك دێن لەوێ وەك دەروێشێك لەتەکیەکەیدا بمێنێتەوەو ناهێڵێت کەس بیناسێتەوە.

بە زستاندا وەك دەروێش لە کەرکوك و سلێمانی و چەمچەماڵ  دەمێنێتەوە و بە بەهارو هاوین و پایزیشدا بەنهێنی دەگەڕێتەوە ناوچەی هەورامان و لەهەل دەگەڕێت بۆ سەپاندنەوەی دەسەلاتی بەسەر ناوچەکەدا.[1]

تا دواتر ئێران پێو شوێنی هەڵ دەگرێت و دوو کەسی خەڵکی ناوچەکە لەکەرکوك و چەمچەماڵ چاودێری دەکەن و بەبینینیان تێدەگات کەئیتر مانەوەی لەوێ نەك هەر بێسودە بەڵکو مەترسیداریشە، بۆیە داوا دەکات لە (شێخ جەمیل) کە هاوکاری بکات تا بەرەو هەورامان بگەڕێتەوە، ئەویش کەسی خۆی ڕادەسپێرێت و(سالار) دەگەیەننە گوندی (زەردە لکاو) لەگەرمیانو

---

[1] دکتور محەمەد ئەمین هەورامانی ـ مێژووی هەورامان ـ لاپەڕ(٢١٨ ـ ٢١٩)

خۆیان دەگەڕێنەوە، بەگەیشتنی بۆ ناو گوندی (زەردەلکاو) وەسیەتنامەکەی (جافرسان) ی مامی بیر دەکەوێتەوە کە لەیەکێك لەبڕگەکانیدا ڕای سپاردوون کە: ئەگەر بەغەریبی ڕێتان کەوتە گوندێك یان ئاوەدانیەك، کەمتر پرسیار بکەن و زۆرتر گوێ بگرن، هەروەها ئەگەر ویستتان لابدەنە ماڵێکەوەو خۆتان حەشار بدەن یان پێداویستیتان دابین بکەن، ڕوو لەماڵێك بکەن کە دەرگای ماڵ و حەوشەکەی دەروازەی گەورە و دوتاکی بێت.

بەپێی ئەو وەسیەت نامەیە روو دەکاتە ماڵێك و مولّەتی چونە ژورەوە وەردەگرێت و بەڕێزو نەوازشەوە فەرموو پێشوازی لێ دەکرێت و پاش حەوانەوە، دەردەکەوێت کەماڵی کوێخای گوندەو، پاش حەوانەوە کوێخا لێی دەپرسێت تۆ کێیت و لەکوێوەو بۆ کوێ دەچیت..؟

(سالار) یش دەڵێ: دەروێشێکی ڕێبوارم و ڕێم کەوتوەتە لای جەنابتان .

کوێخاش دەڵێت: راستە دیمەنت لە دەروێش دەچێت بەڵام قسەو هەڵس و کەوتت لە دەروێش ناچێت..!

راستیم پێ بڵێ تا چۆنت ئەوێ هاوکاریت بکەم.

(سالار) یش متمانەی پێ دەکات و راس و رەوان پێی دەڵێت: کە من (سان و سالار) ی هەورامانم و دەمەوێ بەرەو ئەوێ بگەڕێمەوەو ڕێگەشم دورو مەترسیدارە، بۆیە داوای هاوکاریت لێ دەکەم و بەپێی وەسیەتنامەی مامم رووم لەماڵەکەی تۆ کردوە.

بۆ رۆژی دواتر کوێخاش لەگەڵ یەکێك لە کوڕەکانیدا بەسواری ئەسپ و ماین بەڕێیان دەکات و دەڵێت: تۆ سواری ماینەکە ببەو کورەکەشم بەئەسپەکەوە شوێنت ئەکەوێت تا کوێ پێت خۆشە با لەگەڵت بێت، کوێخا دەڵێ بەکورەکەی لە گەڕانەوەشدا خۆت سواری ماینەکە ببەو ئەسپەکە خۆی شوێنتان دەکەوێت، بۆ شەوی دواتر بەسەلامەت دەگەنە گوندی (تەپەکوڕە) ی شارەزورو کوڕەکەی کوێخا رەوانە دەکاتەوەو خۆشی بەپیا دەڕەوی بەرەو گوندی (بنجەو دڕەی) دەکەوێتە ڕێ و درەنگانێکی شەو دەگاتە ماڵی (حەمەوسەلیمی) کەدۆست و هەواداری خۆی دەبێت و(سالار) زۆر ماندو دەبێت، پاش کەمێك حەوانەوەو خۆراك خواردن بەخاوەن ماڵ دەڵێت: جێگەی خەو راخە بۆ م چونکە من زۆر ماندوم، بەیانیش من خەبەر مەکەرەوەو سەرلەبەیانی زو بڕۆ بۆ گوندی (گوڵپ) و بڵێ بە (ئەلەپەشە) و (مینەوعەدێ) تفەنگ چی و چەکدار کۆبکەنەوەو هێرش دەبەینەسەر سوپای ئێران

له (هانەگەرملە) دەبێت کارێك بکەین،پلانی پێویست دادەڕێژن و هێرش دەبەنە سەر (هانەگەرملە) و پێگەو پاسگای سوپای ئێران دەگرن و هەرچی هەڵ دێت ئەڕواو هەرچیش بەردەست دەکەوێت یان دەکوژرێت یان بەدیل دەگیرێت و (سالار) خۆی بەدەستی خۆی (کۆشکەکەی خۆی ـ یانە چەرمێ) کە دەیکەنە بنکەیەکی سوپای ئێرا، دەسوتێنێت و دەکشێنەوە بۆ دیوی باشور.

دواتر ئێران لەگەڵیدا دەکەوێتە گفتوگۆو داوای لێدەکەن بگەڕێتەوە (هانە گەرملە) و ئەویش رازی نابێت و بە یەکجاری خۆی دەناسێنێت بەدەوڵەتی عراق و خانوو کۆشك و حەرەم سەرای گەورە لە گوندی (سەرگەت) دەکاتەوەو لەوێ نیشتەجێ دەبێت و لەساڵی ( ١٩٤١) ی عیساییدا رەگەزنامەی عراقی پێدەبەخشرێت، لەوێ دەمێنێتەوە تاساڵی (١٩٥٠) و بە نەخۆشی بەرز بونەوەی فشاری خوێن لەتەمەنی (٦٣) ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات و لەگۆڕستانی (باواناوس) ئەسپەردەی خاك دەکرێت و ئێستاش گڵ کۆی هەر لەوێیەو لەپاشکۆی وێنەو بەڵگە نامەکاندا، وێنەی گڵ کۆکەی و وێنەی شوێنەواری کۆشکو تەلار و حەرەم سەراکانی بلاَو کراونەتەوە. پاش ئەم گۆڕانکاریانە (ئەلەپەشە) و کوڕەکانی لەگوندی (گوڵپ) دەمێننەوەو بۆئەبەد دەبنە بەشێك لە خەڵکی ئەو گوندە. (١)

## ژیان و بژێوی (ئەلەپەشە) لە ڕووی داراییەوە

باوکی (ئەلەپەشە) و خۆیشی لەتەمەنی لاویەتیدا، بژێویان لەسەر باخ داری و بەخێوکردنی ماڵیات بوەو دواتر کە گەورەبوەو بوەتە خاوەن خێزان، وەك کەسێکی لێهاتوو کارامە ناسراوەو هەر لەتەمەنی لاویەتیەوە تفەنگ چی و فەرماندەی سەربازی سانەکانی هەورامان بوە، وەك پێشتریش باس کرا دوای ئەوەی بوەتە خاوەنی ماڵ و خێزان، سەرکاری (جافرسان) بوە بەسەر (پاوە و نەوسودەوە) و دوای ئەو قۆناغەش، سەرکاری (سالار) بووە بەسەر گوندی (عەنەب) ەوە و دواتریش سەرکاری (شێخ حسامە دین) بوە بەسەر خورماڵ و بەشێك لە شارەزورەوە.

---

(١) حەمەکەریم هەورامی ـ چیرۆکی من و گوندەکەم ـ بەرگی یەکەم لاپەڕە (٤٣)./ ئیبراهیم میکە عەلی ــ گوندی گوڵپ ناساندن و سەرەداوێکی مێژویی لاپەڕە (٣٢).

بەچاو خشاندنێکی خێرا بەسەر وێسگە گرنگەکانی ژیانیدا تێدەگەین کەئەم پیاوە توانیویەتی جێگەی بایەخی هەم بەگزادەو هەم شێخەکانیش بێت و لەوێوە بەکەرامەت و ڕێزەوە ژیاوەو چاوەڕوانی دەستی هیچ کەس نەبوە.

بۆیە لەقۆناغی لاویەتی بەدوا، ئیتر نەبونی و سەختی ژیانی بەجێ هێشتوەو ڕزق و ڕۆزی خۆی و ماڵ و منداڵی لەڕێگەی سەرکاریەوە بەدەست هێناوە، ئەوکارەش لەوسەردەمەدا بەهەموکەس نەکراوە، بۆیە ناوبراو نەك هەر بژێوی خۆی، بەڵکو توانیویەتی دەستی یارمەتی بۆ کەسانی تریش درێژ بکات و چاوپۆشی لە سەدان کەس لەجوتیارو خەڵکی ڕەش و ڕووتی گوندەکانی هەورامان و شارەزور بکات و هاوکارییان بکات.

تەنانەت لێی دەگێڕنەوە کە ئەگەر کەسێك دزی کردبێت لەخەرمانی چەڵتوك یان لەهەر کۆگایەکی تری سنورەکەی و گرتبێتی، تەمێی کردوەو پێی وتوە لەبەر ئەوە سەرزەنشتت ناکەم کە دەغڵودانت بردوە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کەبۆچی بەدزی و نهێنی بردوتە، بۆ نەهاتوی داوای هاوکاری و هەلی کار بکەیت، یان هەر داواشت نەکردایەو بە ئاشکرا بتبردایە..!

هەروەها هەرکەس هانای بۆ بردبێت و داوای لێ کردبێت، هەرگیز دەستی نەناوە بەڕووی کەسەوەو دڵی کەسی نەشکاندوە.

واناسراو بوە کە هەمیشە لایەنگری ستەم لێکراوی کردوە، زۆر پشتیوانی ژنان بوە لەکاتی چەوساندنەوەیان لەلایەن مێردو کەس وکاری مێردیانەوە.

## باری خێزانی وخێزانداری

(ئەلەپەشە) سێ جار هاوسەرگیری کردوە، بەم شێوەی لای خوارەوە ناوی خێزانەکانی و ئەو منداڵانەی لەو خێزانانەی کەوتونەتەوە دەنوسین:

أ.نازدار رەحیم حەمە شەریف: خەڵکی (بیارە) بووە، (دوو) کوڕ و (شەش) کچی لەم خێزانەی هەبووە بەناوەکانی:

١ـ مەیکە عەلی  ٢ـ عەزیز عەلی  ٣ـ عەینا عەلی  ٤ـ ئامنە عەلی  ٥ـ  ئەمنە عەلی  ٦ـ نەهیە عەلی  ٧ـ قەتحە عەلی  ٨ـ فاتمە عەلی.

ب ـ مینا: خەڵکی گوندی (بەلەبزان) بووە، کە دەکەوێتە نێوان (پاوە) و (نەوسود) ە وە و سۆرانی زمان بوەو لەو دەمەدا مارەی کردوە کەسەرکاری (جافرسان) بووە بەسەرناوچەکانی (پاوە و نەوسود) ەوە و، (یەك) کچی لەم خێزانەی هەبوە بەناوی (گوڵ عوزار ــ عوزرا عەلی). وێنەی (عوزرا) و هاوسەرەکەی لەپاشکۆی وێنە و بەڵگە نامەکاندا دانراوە.

ج ـ ئامینە ڕەحیم: خەڵکی گوندی (کوڵکنی فەقێ کەرەم) بووە، لەکاتی سەرکاریەکەیدا بەسەر زەویەکانی (حسامەدین) ەوە لە شارەزور ئەم خێزانەی مارەکردوە، دوو کچ و کوڕێکی لەم خێزانەشی هەبوە، بەڵام بەداخەوە بە منداڵی مردون و ناویشیان نازانرێت چی بوە.

هاوسەری دووەمی (مینا) پێش خۆی کۆچی دوایی کردووە، بەڵام خێزانی یەکەم و سێیەمی دوای خۆی کۆچی دواییان کردوە.

هاوسەری یەکەمی، بینایی چاوەکانی لەدەست داوەو، پاش خۆی زۆر نەماوەتەوە، کۆچی دوایی کردوەو لە (گوڵپ) ئەسپەردەی خاك کراوە.

هاوسەری سێەمیشی، دوای کۆچی دوایی خۆی، بەداخەوە ئەویش چاوی لەدەست داوەو دوا ڕۆژەکانی تەمەنی لەگوندی (کوڵکنی) و نزیك خزمەکانی گوزەراندوەو هەرلەوێش کۆچی دوایی کردوەو ئەسپەردەی خاك کراوە.

(ئەلەپەشە)... پیرە مەردەکەی ناو مێژوو، ڕۆژەکانی پیریی و کۆتایی تەمەنی، لە گوندی (گوڵپ) و لە نزیك کوڕە گەورەکەی (مەیکە عەلی) گوزەراندوەو لەماڵەکەی خۆیدا بەتەنیشت ماڵی کوڕە گەورەکەیەوە بەسەر بردووە، تا کۆتایی پایزی ساڵی (١٩٥٩) ی عیسایی کۆچی دوایی کردوە و لە گۆڕستانی گوندەکەیدا ئەسپەردەی خاك کراوە و لەپاشکۆی وێنە و بەڵگە نامەکاندا، وێنەیەکی هێمایی خۆی و چەند وێنەیەك لەمەزار و گڵکۆکەی دانراون.

# چەند نموونەیەك لە هەڵوێستە جوامێریەکانی

وەك باسـکرا لەهـەر جێگەیـەك سـتەم و نادادیـەك بوبێـت، (ئەلەپەشـە) ش بـۆ ڕەواندنـەوە و بەگژاچوونەوەی ستەم کارەکە و پاڵ پشتی کردن لە ستەم لێ کراوەکە لەوێ بووە.

چەند نمونەیەك لەخوارەوە دەخەینە ڕوو:

١ـ کاتێك (موحەمەد بەهادین) ی کوڕی شـێخ (عوسمـانی تەوێڵـە) دێتـە (گولـّپ) و دەسـت دەگرێـت بەسەر زەوی و زارو باخی (عەبدولکەریم ئسماعیل) دا، بەو پێیەی زەویەکانی ناوبراو لەسەرچاوەکانی ئاوی گوندەکەوە نزیك دەبن، زیاتر چاوی لەسەر ئەو زەویانە دەبێت.

کاتێك (عەبدولکەریم ئیسماعیل) هانا بۆ(ئەلەپەشە) دەبات و دەڵێت: هاوکاریم بکە، ئەویش دەڵێت: ڕووبەڕوو بونەوەی شێخ، پلان و بەرنامەی دەوێت، بەتایبەت بۆ من کە نیشـتەجێی گولـّپ نـیم، بۆیـە پێویستە بەتەنها و لە چۆڵەوانیدا چاو ترسێنی بکەم، بۆ ئەو مەبەستەش خۆت ئامادەی بێیت لەگـەڵم شەو بچینە سەری و هەڕەشەی لێبکەین..؟

خـاوەن مەتڵـەبیش بەناچـاریی و ترسـەوە ئامـادەیی نیشـان دەدات و شـەوێك بەبەرنامـە و لەڕێگـەی پلیکانەی دەسکردەوە، بـەداری کـورتی قـایم پـێ پلیکانەیـەك دروسـت دەکـەن و لـە پەنجـەرەی ژوری نوستنەکەی شێخەوە، دەچنە ژوری نوستنەکەی و(ئەلەپەشە) بـەنوکی تفەنگەکـەی دەکوتێتـە شـێخ و بەخەبەری دەهێنێت، کاتێك شێخ بەخەبەردێت و ئەم دووپیاوە بەسەر سەریەوە وەسـتاون ئەحەپەسـێت و بەشڵەژاوییەوە دەڵێت: لەکوێوە هاتوون و چیتان دەوێت..؟

(ئەلەپەشــە) ش دەڵێــت: لــەو پەنجەرەیــەوە هاتوینەتــە ژورەوە، واز لــەم پیــاوە و زەوی و باخــەکانی دەهێنیت یان هەر ئێستا بت کوژم..؟

ئەویش بەڵێن دەدات واز بهێنێت.

ئەم گێڕانەوەیەم ڕۆژی (٢٠١٩/٤/١٩) لەگوندی (گولـّپ) و لەزاری (حاجی محەمەد حەمەکەریم ڕەحمـان ـ حەمەقەتە) وەرگرت.

٢ـ بەسەرهاتی دەس گیر کردنی (حەمەئەمین سەوزەلی) و بەهاناوە چوونی.

(ئەمین میکە عەلی و حاجی محەممەد حەمەکەریم) و چەند کەسایەتیەکی تری ناوچەکەش دەگێڕنەوە کە خزمێکی (ئەلەپەشە) خەڵکی گوندی (دەرەومەڕێ) دەبێت و لەسەرێکی تریشەوە کەسەکە خزمایەتی دەبێت لەگەڵ تفەنگ چیەکی هاوڕێ و دۆستی (ئەلەپەشە) دا بەناوی (حاجی ئەحمەد ـ ئەحمەدە ڕووش).

خزمەکەیان بەهۆی کەسابەتی سەر سنورەوە لەلایەن هێزە ئەمنیەکانی ئێرانەوە دەس گیر دەکرێت و دەبرێتە پاسگای گوندی (هانەگەرمڵە) و خەبەر دێت کێشەکەی لێ گەورە کراوە و بڕیارە بگوێزرێتەوە و دادگایی و حوکم بدرێت، بۆیە (ئەلەپەشە) و (حاجی ئەحمەد ـ ئەحمەدە ڕووش) ی هاوڕێی کەئەویش تفەنگ چیەکی کارامە و پیاوێکی لێهاتوو دەبێت، بڕیار دەدەن هەوڵی ئازاد کردنی بدەن.

بۆ ئەو مەبەستە دۆستەکانیان ڕادەسپێرن کە لە گوندی (هانەگەرمڵە) بەدەم پرسی زیندانیە خزمەکەیانەوە بن و هەرکات بڕیاری دەوڵەت هاتە سەر ئەوەی کە دەس گیرکراوە خزمەکەیان بگوێزنەوە، ئاگاداریان بکەن تا ئەمانیش ڕێگەی گواستنەوەی بگرن و لەدەستی پیاوانی دەوڵەت و ئەمنیەکانی ئێران ئازادی بکەن.

ڕۆژی دەرچونیان دەزانن و لەسەر شاخە سەختەکانی سنورو ڕێگەی هاتوچۆکەدا، کەمین دادەنێن و کاتێك خزمە دەس گیرکراوەکەیان لەگەڵ سێ کەس لە پیاوانی چەکداری دەوڵەتدا بەپیادەو سواری ئەسپ دەگەنە لایان، دەخوڕن بەسەریانداو ڕایان دەگرن، (ئەلەپەشە) پێیان دەڵێت: ئێمە نەچەتەین و نە دزو نەڕێگر و تەنانەت نەدژی دەوڵەتیشین، بەڵکو خزمی ئەو دیلەین کەلەدەستی ئێوەدایە و ناوی (حەمەئەمینە) ە.

پێیان دەڵێت: ئەگەر خزمەکەمان ئازاد دەکەن و وازی لێ دەهێنن، ئێمە هیچ زیانێك بە ئێوە ناگەیەنین و ئێوەش لای کاربەدەستانی خۆتان بڵێن: لەو شاخانە لەدەسمان هەڵ هاتوەو رای کردوە.

بەڵام بەداخەوە چەکدارەکانی دەوڵەتی ئێران وپیاوە ئەمنیەکان ، پێشنیارەکەیان قەبوڵ ناکەن و لێیان دێنەوە دەس، ئەمانیش بەهۆی ئەوەوە کەلەشوێنی گونجاودا خۆیان حەشارداوە، ناترسن و بۆ داکۆکی لەخۆیان و خزمەکەیان، لەپیاوەکانی دەوڵەت دێنەوە دەست و تفەنگەکانیان لێ دەسێنن و کەمێك

لەشوێنی ڕوداوەکە دور دەکەونەوە، لەبەر ئەوەی بەندیە ئازادکراوەکەی خزمیان کەلەپچەی لەدەستدا دەبێت، ناتوانێت وەك ئەوان هەڵ بێت، بۆیە داوەی لێ دەکەن هەردو دەستی بەرز بکاتەوەو(ئەلەپەشە) فیشەکێك ئەنێت بە ناوەڕاستی کەلەپچەکەی دەستیەوەو دەی شکێنێت و هەڵ دێن و دەگەڕێنەوە گوندەکەی خۆیان (دەرە و مەڕێ).

٣ـ (ئەلەپەشە) بەسەر ئەسپەشێکەیەوە لەڕێگەیدا دەبێت بۆ(بیارە)، لەدورەوە دەنگی هاواری ئافرەتێك دەبیسێت، کاتێك سەرنج ئەدات ئەبینێت پۆلیسێکە (ئیتر پۆلیسی چ حکومەتێك بوە دیار نیە) ئافرەتەکەی بەگیر هێناوەو دەیەوێت پەلاماری بدات، ئەمیش لەدورەوە ئەخوڕێت بەسەر پۆلیسەکەداو پێی دەڵێت: ڕێگەی ئافرەتەکە بەر بدات، بەڵام بێسود دەبێت، بۆیە بەهەورامی بەئافرەتەکە دەڵێت: خۆت بدە بەزەویدا بابەر نەکەویت.

کە ئافرەتەکە خۆی ئەدات بەزەویدا، پۆلیسەکەش ئەیەوێت پەلاماری بدات، لەدواوە تەقە ئەکات لە پۆلیسەکەو ئەیخات.

٤ـ بەڕێز(حاجی یاسین حەمەکەریم) لەزاری باوکی کۆچ کردویەوە دەگێڕێتەوەکە ئەو یاوەری (ئەلەپەشە) و هاوکاری بوە کاتێك بەشداری شەڕی (ئاوای ڕۆسەم بەگ) ی کردوەو(ئەلەپەشە) و ڕەحمەتی (ڕۆسەم بەگ ـ ئاوەدانکەرەوەی گوندی ئاوایی ڕۆسەم بەگ) و تفەنگ چی و هاوکارەکانیان، بەریان بەپێشڕەوی سوپای ئینگلیز گرتوە کەویستویانە لەخورماڵەوە بەرەو گوندەکانی (بیارە و گوڵپ) پێشڕەوی بکەن و بەرپەرچیان داونەتەوەو خەسارەتی گەورەشیان لەسوپای دوژمن داوەو ناچار بە پاشەکشەیان کردون بەرەو ناو(خورماڵ).

لەسەرچاوە مێژوییەکاندا ئەم شەڕە بەناوی شەڕی (ئاوای ڕۆسەم بەگ) باسکراوە.

لەبارەی ئەم شەڕەوە لەبەڵگەنامەی ژمارە(١٩ ـ h.c.٣٦-c.o.٧٣٠) ی ڕۆژی (١٩٢٢/١/١٤) دا کە مەندوبی سامی لە بەغدادەوە بۆ وەزارەتی موستەعمەراتی ناردوە باسی ئەم شەڕە و خەسارەتی سوپای ئینگلیز کراوە. [1]

[1] عومەر مەعروف بەرزنجی/مەحمود خانی دزڵی شۆڕش گێڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان/لاپەڕە(٩٢).

٥- بەبەزەیی بوە لەگەڵ گیراو و دیلەکانی جەنگدا، دەگێڕنەوە لە جەنگی (کەشی چەرمە) ی نێوان سوپای بەگزادەکانی (هۆن) و بەگزادەکانی (تەخت) دا، کە (ئەلەپەشە) لەسوپای هۆندا بوە، دیلێك دەگرێت کە خەڵکی گوندی (دزڵی) دەبێت، دیلەکە لێی دەپاڕێتەوە بم پارێزە و مەهێڵە بم کوژن، منیش مژدەیەکی خۆشت ئەدەمێ، ئەویش دەڵێت: ئادەی بزانم موژدەکەت چیە..؟ کابرای دیلیش دەڵێت: (زەریفێ) ی خوشکت کەماڵی لەگوندەکەی ئێمە (دزڵی)ە، چەند ڕۆژێکە کوڕێکی بوەو ناویان ناوە (موحیەدین)، (ئەلەپەشە) ش سۆزی دوری خوشکەکەی دەکات و ڕێزێکی زۆر لەدیلە (دزڵی) ەیەکە دەگرێت و بەنهێنی ئازادی دەکات و بەشەودا ڕەوانەی (دزڵی) دەکاتەوە.

## <u>تێکەڵ بوونی ناو و بانگی (ئەلەپەشە) لەگەڵ (عەلەبەچە)</u>

هاوسەردەم لەگەڵ ژیان و سەردەمی (ئەلەپەشە) دا کەسێکی تریش لەژیاندا بوە و ئەویش هەر خەڵکی (هانەگەرمڵە) بوە و ناوبانگی بە (عەلەبەچە) دەرکردوە.

خەڵك باشەی (عەلەبەچە) یان نەگوتووە، بۆیە بەمەبەست بووبێ یان نا، هەوڵی تێکەڵ کردنی ناوی ئەم دوو کەسایەتیە دراوە.

چونکە وەك ڕونمان کردەوە (ئەلەپەشە) لەتەمەنیدا نەبەلاویەتی و نەبەپیری، کەم دەس و موحتاج و دەسەنواڕی دەستی کەس نەبوە، تا پەنا بباتە بەر کاری ناڕەواو نەشیاو، یان کوشتنی بەناحەق، بەڵکو سودی لەو بەهرانە وەرگرتوە کەخواوەند پێی بەخشیوە و وەسیەتی باوکیشی لەگوێ گرتوە کە وەسیەتی بۆ ئەو و براکانی کردوەو پێی وتون: نەچنە ژێر باری منەتی کەس و دەس بەسەری و کزۆڵیش لەکەس قەبوڵ نەکەن، هێندە ماڵ پێکەوە بنێن کە بتوانن لەکاتی لێ قەومانیدا بیدەن بەکۆڵتانداو هەڵ بێن و دەسبەسەری قەبوڵ نەکەن.

(ئەلەپەشە) ئەم وەسیەت و ڕاسپاردەیەی باوکی پیادە کردوەو سەرکزی لەکەس قەبوڵ نەکردوەو زۆر دڵیشی بەدونیاوە نەبەستوە، چاوی نەبڕیوەتە ماڵی کەس و بەپێچەوانەشەوە نەی هێشتوە کەس دەس درێژی بکاتەسەری، تا توانیویەتی لایەنگری هەژاران و ستەم لێکراوانی کردوەو پشتیوانی لێکردون.

ئەمەی کەڕابورد وێسگە گرنگەکانی ژیانی (ئەلەپەشە) بو، بەو هیوایەی توانیبێتمان خزمەتێکی سادە بەژیان و مێژوی یەکێك لە کەڵە پیاوانی نەتەوەو نیشتمان و مێژوی بێنازمان بکەین.

# پاشکۆی بەڵگەنامە و وێنەکان



وێنەیـــەکی هێمـــایی (ئەلەپەشـــە) لـــە قۆنـــاغی کامـــڵ بـــوونی کەســـایەتیی و تەمەنیـــدا



وێنەیەکی هێمایی (ئەلەپەشە) لەقۆناغی پیری و بەساڵا چوونیدا



کۆچـــــکردوو (مەیکـــــە عـــــەلی عـــــەزیز) کـــــوڕە گـــــەورەی (ئەلەپەشـــــە)




نوســـــــەر لەســـــــەر مـــــــەزاری (مەیکـــــــە عـــــــەلی) بـــــــاوکی



لەگـــــەڵ بـــــەڕێز (ئـــــەمین میکـــــە عـــــەلی) کـــــوڕەزای کۆچـــــکردوو



حاجی (محەممەد حەمەکەریم ڕەحمان) کچەزای (ئەلەپەشە)





مەزاری کۆچکردوو (عەلی عەزیز ئەحمەد)

**محەمەد ئیبراهیم میکە - یەکێك لەنەوە کەمتەمەنەکانی کۆچکردوو (ئەلەپەشە)**




نوسەر لەسەر مەزاری باپیری



No..................

FORM No. 6

KINGDOM OF 'IRAQ.

CERTIFICATE OF NATURALISATION.

Whereas.................................................

has applied for a Certificate of Naturalisation alleging with respect to himself the particulars set out below, and has satisfied me that the conditions laid down in the 'Iraqian Nationality Law for the grant of a Certificate of Naturalisation are fulfilled in his case.

Now therefore, in pursuance of the powers conferred on me by the said Law, I grant to the said.................................................... this Certificate of Naturalisation, and declare that upon taking Oath of Allegiance within the time and in the manner required by the Regulations made in that behalf he shall, subject to the provisions of the said Law, be entitled to all political and other rights, powers and privileges, and be subject to all obligations, duties and liabilities, to which an 'Iraqian National is entitled or subject.

In witness whereof I have hereto subscribed my name this..................day of......................192 .

*Minister of Interior.*
*Government of 'Iraq.*

MINISTRY OF INTERIOR
BAGHDAD.

الرقم ٥٥٨٤

مملكة العراق

شهادة التجنس

بما ان افراسیاب روتم هورامي قد قدم طلبا للحصول على شهادة التجنس مبينا ادناه الاوصاف المختصة بشخصه واقتنعت بان الاحوال المنصوص عليها في قانون الجنسية العراقي الخاصة بمنح شهادات التجنس كاملة بحقه فعليه بناءً على السلطات المخولة لي بموجب القانون المذكور قد منحت افراسیاب روتم هورامي المذكور شهادة التجنس هذه واصرح بانه عند تأديته يمين الاخلاص خلال المدة وبالصورة التي تتطلبها النظامات الخاصة بهذا الشأن يحق له طبقا لنصوص القانون المذكور التمتع بكافة الحقوق السياسية وغيرها وكذا السلطات والامتيازات ويكون خاضعاً لكافة التعهدات والواجبات والمسؤليات التي يتمتع بها او يطلب من عراقي التبعة ومصداقا لذلك قد وقعت على هذا في اليوم الرابع عشر من شهر شباط سنة ١٩٢٦

وزير الداخلية
الحكومة العراقية

وزارة الداخلية
بغداد

Photograph — الصورة


Left thumb impression of holder. — وسم ابهام اليد اليسرى لحامل الشهادة

DESCRIPTION OF HOLDER. — (٢) اوصاف حامل الشهادة

| | | |
|---|---|---|
| Height | ١/٦٠ | الطول |
| Eyes | سودوين | العينان |
| Nose | معتدل | الانف |
| Mouth | معتدل | الفم |
| Hair | رمادي | الشعر |
| Beard | محلوقة | اللحية |
| Moustaches | خفيف | الشارب |
| Face | بيضوي | الوجه |
| Complexion | اسمر | لون الوجه |
| Distinctive marks and peculiarities | لا شئ | العلامات الفارقة او الخاصات |

IRAQ REVENUE 25 FILS — REVENUE 100 — REVENUE 1 DINAR

رەگەزنامەی (ئەفراسیاو بەگ ـ سالار) سان و سەرداری هەورامان (١)



GENERAL PARTICULARS.

1 Name or names........................................
2 Place of birth........................................
3 Date of birth........................................
4 Name of father........................................
5 Place of birth of father........................................
6 Date of birth of father........................................
7 Name of mother........................................
8 Place of birth of mother........................................
9 Date of birth of mother........................................
10 Nationality........................................
11 Nationality of father........................................
12 Nationality of mother (before marriage)
13 Religion........................................
14 Occupation or profession........................................
15 Usual place of residence........................................
16 Married, single or widower (widow)
17 Present address........................................

OATH OF ALLEGIANCE.

I........................................ swear by almighty God / solemnly affirm and declare that I will be faithful and bear true allegiance to His Majesty the King of 'Iraq, His Heirs and Successors, according to Law

Signature........................................

Sworn and subscribed this........................................ day of........................192 , before me.

Signature........................................
Designation........................................
Place........................................
Date........................................

PARTICULARS OF WIFE AND CHILDREN UNDER 18 YEARS OF AGE.

Name..................Place of birth............Age.......
Wife........
Child........
Child........
Child........
Child........
Child........
Wife's previous nationality............

SGPS...402...600...15 000...12-9-26.

(٣) التفاصيل العمومية

١ – الاسم او الاسماء افراسياب
٢ – محل الولادة قرية هانه گروله – ايران
٣ – تاريخ الولادة ١٨٨٧
٤ – اسم الاب رستم هورامي
٥ – محل ولادة الاب قرية نوسود – ايران
٦ – تاريخ ولادة الاب ١٨٤٧
٧ – اسم الام دولت بنت يعقوب جاوش
٨ – محل ولادة الام قرية طويله – العراق
٩ – تاريخ ولادة الام ١٨٦٢
١٠ – الجنسية ايراني
١١ – جنسية الاب ايراني عثمانية
١٢ – جنسية الام (قبل الزواج) (عثمانية الاصل) ايرانية بالزواج
١٣ – الديانة مسلم
١٤ – المهنة او الحرفة فلاح
١٥ – محل الاقامة المعتاد قرية سركت – العراق
١٦ – متزوج او اعزب او ارمل / ارملة متزوج
١٧ – العنوان الحالي قرية سركت – العراق

(٤) يمين الاخلاص

اني اقسم بالله العظيم / اني اصرح بكل وقار بان اكون اميناً ومخلصاً ومطيعاً لجلالة ملك العراق واولياء عهده وخلفائه طبقاً للقانون.

التوقيع


قد اجرى القسم ووقع عليه بحضوري هذا اليوم – من شهر ٢٦/٢/١٩٤١ سنة ١٩٢

التوقيع
الوظيفة مدير الشرطة
المحل الحلبجة
التاريخ ١٩٤١/٢/٢٦

(٥) تفاصيل عن الزوجة والاطفال الذين اعمارهم دون الثامنة عشر سنة

الاسم – محل الولادة – العمر
الزوجة
الطفل
الطفل
الطفل
الطفل
الطفل
الجنسية السابقة للزوجة الثلاثة (عراقيات الاصل) ايرانيات بالزواج

ڕەگەزنامەی (ئەفراسیاو بەگ سالار) سان و سەرداری هەورامان (٢)


بسم الله

باعث نوسینی ئەم چەند کلمهٔ شرعیه ئەمە یە ساکن دێی بیارە جناب شیخ محمد عثمان کوری مرحوم
حضرت شیخ نجم الدین قدس سره لە حالی صحت و اختیار و نفوذی تصرفاتی شرعیه دا عامداً عالماً
مختاراً مقراً بانه مالک لما یبیعه فروشتی ئەداوی ششدانگ مال و خانوی مسکونە وە باغچە
متصل بە خانوەکەی کە محدودن بە حدودی ذیل بە جناب محمد حاجی عزت ارکان
سالار افراسیاب بگ ساکن دێی شارگرت بە مبلغی محدود و معلومی فی المجلس چوار صد دیناری
عراقی وە مشتری مغزی الیه فوراً قبولی بیعەکەی کرد قبض ثمن و تخلیهی مثمن لە بینا جاری بو
بناءً علیه ئەداوی خانو و باغچەی ناوبراو ملک خالصی جناب سالار افراسیاب بگە
ئەتوانی هەموو تصرفاتی مالکانەی تیا بکا نوسرا ئەم قبالە شرعیه لە روژی
٣ شنبه ٢٥ بیست و پینجی مانگی ذی الحجه ١٣٦٨

آوارد شیخ محمد عثمان البائع

المحدود
شرقاً مالی شیخ صاحب غرباً قولاتی تازەی باغی لادەگا
جنوباً جادە شمالاً باغی لادەگا

الشهود
مدرس بیارە ملا عزیز — مدرس جامعهٔ هلبجه شیخ رسول
مدرس تکیهٔ سید نصرالدین هلبجه ملا احمد — مدرس مزگەوتی شیخ بابا علی سلیمانی
سید مظهر کاتب حضرت شیخ علاء الدین — مدرس خانقای بیارە عبدالکریم
عبدالله عبدالرحمن بیارەئی — مدرس خلیفه نصرالدین

نموونەیەك لە کارەکانی (سالار) وێنەی قەواڵەیەکی کڕین و فرۆشتنی موڵکێك (لەبیارە)



لەسەر گڵ کۆو مەزاری (ئەفراسیاو بەگ ـ سالار) سان و سەرداری هەورامان



کێل و بەردە نوسی سەر مەزاری (ئەفراسیاو بەگ ـ سالار)




ملـــــەی (یـــــارە پەشـــــە) بەتەنیشـــــت گونـــــدی (بانیشـــــار) ی کۆنـــــەوە




قوتەی (مەحمود خانی دزڵی) نزیك سلێمانی



لەگەڵ (هۆشمەن بەگ) کوڕەزای (سالار) لەماڵی بەڕێزیان

لەگـــــەڵ



(هۆشمەن بەگ) کوڕەزای (سالار) لەماڵی بەڕێزیان



لەگـــەڵ (

هۆشمەن بەگ) کوڕەزای (سالار) لەماڵی بەڕێزیان



لەگەڵ (هۆشیار بەگ و ماجد خلیل) لەشوێنەوارو پاشماوەی کۆشك و حەرەم سەراکانی (سالار) لەگوندی (سەرگەت)



شوێنەوار و پاشماوەی حەوز و حەرەم سەراکانی (سالار) لەگوندی (سەرگەت)



(گوڵ عوزار) ی کچی (ئەلەپەشە) و (مامە حەمە) ی هاوژینی




مەزاری (عائیشە غەفور عەبدوڵا) بوکی (ئەلەپەشە) و دایکی نوسەر



لەگەڵ (حاجی موحەمەدی مامە ڕەشە) لەگوندی (عەنەب)